

میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ

# چەمکەکانی

# مێژووی کورد

وەرگێڕ:

مەنسور سدقی

٢٠١٦

# چەمکەکانی مێژووی کورد

میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ
وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

# پێرست


تێبینی وەرگێر.................................................٤

سەرەتا.........................................................٥

سەبارەت بە مێژوو و شێوازی لێکۆڵینەوەی......................٨

سنوورەکان و پانتایی.........................................١٧

چەمکەکانی جوگرافیای سرووشتی..............................٢١

چەمکە ئێتنۆکۆمەڵایەتییەکان....................................٢٨

چەمکەکانی دێمۆگرافی کۆمەڵگا.................................٤٣

چەمکە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکان...............................٥٧

چەمکە سیاسییە نێوخۆییەکان...................................٦٣

چەمکە سیاسییە دەرەکییەکان...................................٧٧

# تێبینی وەرگێر

دەقی رووسی ئەو بابەتەی پرۆفیسۆر میخاییل لازاریف لە پەڕتووکی "خۆیندنەوەی لازاریف" لاپەڕەکانی ٧٢ تا ١١٢ وەرگیراوە.

لە ژیانی ئاکادێمیکی رووسیا نەریتێک بۆتە باو بۆ رێزگرتن لە کەسایەتییە زانستییە پایەبەرزەکانی ئاکادێمیک کە خزمەتی بەرچاوییان بە پێشکەوتنی زانستی لە بوارە جیاوازەکان کردەوە. بەپێی ئەو نەریتە، ساڵانە و یان چەند ساڵ جارێک و بەردەوام، کۆنفرانس و کۆبوونەوەی زانستی بەناوی "خوێندنەوە"ی ئەو زانایانە دەبسترێ.

"خوێندنەوەی لازاریف" لە ٢٦ی مای ساڵی ٢٠١٠ یەکەم کۆنفرانس پاش مەرگی[1] ئەو زانا بەلیمەتەیە بەبۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی و بۆ بەرز راگرتنی یاد و رێز لێنانی کە لە لایەن بەشی کوردناسی و کێشە ناوچەییەکانی سەر بە ناوەندی لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست و هاوکاران و قوتابیانی بەڕیوە چووە و پاشانیش چەند وتارێکی میخاییل لازاریف لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەو کۆنفرانسەدا پێشکەش کرابوون وەک بەرهەمی یەکەم "خوێندنەوەی لازاریف" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

[1] لە ٧ی مارچی ٢٠١٠ کۆچیدووایی کرد. -. وەرگێر.

# سەرەتا

کێشەکانی مێژووی کورد لە ڕۆانگەکانی پەیقی و تیۆرییەوە تا ئەم دووایانە نەببووە جێگای سرنجی بەرچاوی مێژوونووسە ڕۆژهەڵاتناسەکان و لەوانە، پسپۆڕانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەشێوەیەکی نەریتی هەر سەرقاڵی "بابەتە مەزنەکانی" مێژووی تورکیا. ئێران، وڵاتانی عەڕەبی، ئەفغانستان بوون و کەمتر ئاوڕیان لە گەلە "بێ دەوڵەتەکانی" ئەو وڵاتانە و لەوانەش، گەلی کورد داوەتەوە.

هۆی ئەو کەمتەرخەمیە زۆر ڕوونە، لێکۆڵەران لەپلەی یەکەم خۆیان لەگەڵ مێژووی دەوڵەتان و ئاڕاستە جیاوازەکانی کاراییەکانیان (بەشێوەیەکی سەرەکی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی-ئابووری و کولتوورییەکانیان) و بنکە و دامەزراوەکانی هاوڵاتیان، واتە مێژووی هاوڵاتیبوون، ماندوو دەکەن. ئەوەش نە هەمیشە لەگەڵ مێژووی زۆر مەزنتر و فرە بەربڵاو و فرە ئاراستەتری گەلاندا یەکدەگرێتەوە. بۆ گەلانی خاوەن دەوڵەت، ئەم دوو مێژوویە لێک نزیکترن و هێندێکجاریش لەوانەیە یەک مێژوو پێک بێنن. بەڵام بۆ گەلانی دیکە بەم شێوەیە نییە. مێژووی ژیانی گەلانی بێ دەوڵەت گەلێک ناتەواوە و نیوەچڵە، چونکوو لە گەلێک تایبەتمەندی و نیشانە پەیوەستەکانی گەشەی ئتنۆسی

بێبەشکراوون. ئەوەش بۆتە هۆی سەرکی و بنەڕەتی پاشکەوتوویی کۆمەڵایەتی- ئابووری و کولتووری و هەروەها هەنگاوە خاوەکانی پێشکەوتنی نەتەوەیی ئەو گەلانە.

کەوابوو، ئایا شایستەیە مێژووی ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتانە پشتگوێ بخەین و بەتایبەت لە ڕۆانگەی ئانترۆپۆلۆژی[2] و ئێتنۆلۆژییەوە لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ نەکەین؟ بەڕاشکاوی دەبێ بڵێین نەخێر ئەوە ڕەوا نییە. هەر ئێتنۆسێک، مەزن یان بچۆک، مێژووی خۆی هەیە و لە ڕەوتی مێژووی جیهانیدا پشک و جێگای خۆی هەیە. هەر لەم ڕۆانگەوە دەکری بڵێین کە مێژووی گەلانی هەسارەی ئێمە بۆ دابەش کردن نابێ، بەڵکوو دەبێ لە لێکۆڵینەوەکانماندا بۆشاییەکانی پڕکەینەوە. مێژووی هەموو گەلان بێ جیاوازی و بێ ڕەچاوکردنی ئەوە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان تا ئێستا دامەزراندووە یان نا، دەبێ ببێتە بابەتێکی سەرەکی و سەربەخۆی پسپۆڕانی لێکۆڵەر. لێرەدا تەنیا دژوارییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەو کۆمەڵە ئێتنیکییانەی ئاستی نزمی گەشەیان هەبووە و هەر بۆیەش لەسەر بەستێنێکیماڵباتی-عەشیرەتییدا ماونەتەوە، گەلێک دژوارە. ئەوەش بەهۆی کەمبوون و یان تەنانەت نەبوونی فاکتەرە زانستییە باوەڕپێکراوەکانە کە دەبێ لەنێو بەڵگە یادگارییە دەگمەنە شاراوەکان بۆیان بگەڕێین. بۆیە پڕانی ئەو ئێتنۆسانەی کە بەهۆگەلی جیاواز (بەزۆر توانەوە، کوشتاری بەکۆمەڵ لە شەڕ و لەشکرکێشییەکاندا، کۆمەڵکوژییە بەتایبەت ڕێکخڕاوەکان، پاکتاوییە ڕەگەزییەکان و هتد.) ئاسەواریان پاک بۆتەوە و هیچ بیرەوەرێکیان لە هزر و بیری مرۆڤایەتیدا

---

[2] Antropology زانستی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ، پێکهاتنەکەی، گەشەکەی، ژیان و هەبوونی لە ژینگەی سرووشتی و کولتووریدا. ویکیپێدیا. وەرگێڕ.

نەماوەتەوە و تەنانەت هێندێک لەو گەلانە جگە لە ناویان، چی‌تریان لەپاش بەجێ نەماوە.

هاوکات هێندێک لە گەلانی (واتە ئێستا) بێ دەوڵەت، بەدرێژایی سەدان ساڵ لەسەر پێی خۆیان ماونەتەوە و تاکوو ئەم سەردەمەش لە تەواوی کیشوەرەکانی جیهاندا لە گەشەکردن دان و لە مێژووی جیهانیدا نەخشێکی بەرچاویان گێڕاوە. لە رۆژاوای ئاسیا (رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست) و لە پلەی یەکەمدا، کورد لەم گەلانەیە کە ئێستا یەکێک لە گەلە هەرە پڕهەژمارەکانی هەسارەی ئێمەیە (پتر لە ٣٠ میلیون) کە بێبەش ماوەتەوە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی (دیارە جگە لە کوردانی عێراق کە لەم دووایانەدا خۆدمۆختارییەکی راستەقینەیان پێکهێناوە).

## سەبارەت بە مێژوو و شێوازی لێکۆڵینەوەی

ئەو رەوتە مێژووییەی کە گەلی کورد تێپەڕی کردووە، نەتەنیا تایبەت و هەمە لایەنەیە (هاوشێوەیەی هەموو گەلان و بێ جیاوازی)، بەڵکۆ لەئاست خۆیدا نمونەیەکی بێوێنەیە. کوردان کۆنترین گەلی خۆجێیی رۆژاوای ئاسیان و رەچەڵەکی ئێتنیکییان لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا لەگۆرەپانی مێژوودا سەری هەڵداوە. باسکردن لە پێکهاتنی گەلی کورد لەم سەردەمەدا ئێستا زوویە، بەڵام خۆجێیی بوونی رەچەڵەکە ئێتنیکییەکانی گەلی کورد حاشا هەڵنەگرە. لەسەرەتادا چەند رەچەڵەکێک بۆ کورد هەبوون، بەڵام لەنێوەڕاستی هەزارەی ئاماژە پێکراودا، ئیتر مادەکان لەپلەی یەکەمی رەچەڵەکی راستەوخۆی کورد هەژمار دەکرێن.

لەسەر ئەو پرسە کە بەڕاستی گەلێک ئاڵۆزە و رەهەندگەلێکی فرە ناتەبا لەخۆ دەگری، زۆرتر راناوەستین و دەبێ جەخت لەسەر یەکەم خشتە پێکهێنەرەکانی "رەوتی گەشەی ئێتنیکی"[3] کورد بکەینەوە. نێوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، قۆناخی گۆرانکارییەکی فرە

---

[3] Ethnogenesis بریتییە لە رەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی یەک ئێتنۆس (Ethnos) لەسەر بنەمای پێکهاتە ئێتنیکییە جیاوازەکان. ویکیپێدیا -. وەرگێر.

مەزن لە مێژوی رۆژهەڵاتی نزیک پێکدێنێ، کاتێک زلهێزەکانی ماد و هەخامەنشی لەسەر خاکی ئێرانی ئێستا و وڵاتانی دەوروبەریدا سەریان هەڵدا و پاشان هەرەسیان هێنا. ئتنۆسی کورد بەپێی پلەبەندیی[4] چەمکەکان لە ئتنۆلۆژی گەلە ئێرانیزمانەکاندا وادیارە لەسەر بەستێنی "ماد"یی و لەسەر زەمینەی سەرهەڵدان، گەشەکردن و هەرسهێنانی کەونارترین دەوڵەتمەداریی ئێرانیدا بەشێوەیەکی جیاواز پێدەگرێ و پەرەدەستێنێ. ئەم دەوڵەتمەدارییە پتر لە هەزار ساڵ درێژە دەکێشێ و و سەردەمانێکی گەلێک ئاڵۆز و لێواولێو لە شڵەژانە نێوخۆییە و دەرەکییەکان تێپەردەکات (پێکدادانەکان، هێرشەکان، راگۆاستنی گەلان و گۆران و رووخانی پاشایەتییەکان) تا لە نێوەڕاستی سەدەی ٧ی زایینی عەڕەبە موسڵمانەکان تێکی دەڕۆخێنن و ئێرانی کەونار، ئیسلامیزە دەکەن و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەیکەن بە بەشێک لە خەلافەتیان. بۆمان دەرکەوتووە کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا (سەدەی ٤ تا ٦ زایینی)، واتە دووایین زنجیرە پاشایەتی پێش ئیسلام، زمانی نەتەوەیی کوردی بەڕاشکاویی جیاواز بووە و هاوکاتیش یەکگرتوویی قەومی کورد پێکهاتووە[5].

---

[4] Taxonomie

[5] "رەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی کورد" هەمیشە یەکێک بووە لە پرسە هەرە ئاڵۆز و مشتومڕ لەسەرەکانی نێوان رۆژهەڵاتناسان کە هێشتا هەر درێژەی هەیە و نەگەیشتوونەتە ئەنجام. لەم بارەدا زۆرترین لێکۆڵینەوە لەلایەن کوردناسانی رووس ئەنجامدراون. بڕوانە: نیکۆلای ماڕ ، دیسان سەبارەت بە وشەی "چەڵەبی" (پرسی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کولتووری نەتەوەی کورد لە مێژووی باشووری رۆژاوای ئاسیا) لە "تێبینییەکانی کۆمەڵەی شوێنەوارناسانی ئیمپراتوریای رووسیا ڵقی رۆژهەڵات، چاپی ١٩١١، بەرگی ٢٠، دەرکەوتەی ٢-٣، ل. ٩٩ - ١٥١"، ڤلادیمیر مینۆرسکی، بابەتی "کوردەکان"، "کوردستان" و ئەوانی‌تر، "ئێنسیکلۆپێدیای ئیسلامی"، واسیلی نیکیتین، کوردەکان، چاپی مۆسکۆ، ١٩٦٤، ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی، پێشەکیێک سەبارەت بە مێژووی ئێتنیکی گەلی کورد، ئ.ئا. گرانتۆڤسکی، سەرەتای مێژووی عشیرەتە ئێرانییەکانی باشووری رۆژاوای ئاسیا، چاپی مۆسکۆ، ١٩٧٠، هەر لەو نووسەرە: ئێران و ئێرانییەکان تا هەخامەنشییەکان، نامەی دوکترا، چاپی یەرەڤان، ١٩٦٩. -.نووسەر.

پێکهاتنی نەتەوەی کورد تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. ئەم تایبەتمەنییە پەیوەندیی بە بارودۆخی فرە نەگۆنجاوی مێژوویەوە هەیە کە شان بە شانی ئەو رەوتە و لەسەر بەستێنی تێکرۆخانی زلهێزی ساسانی لەسەردەمی هێرشەکانی عەرەبە موسڵمانەکاندا درێژەی کێشاوە و پێشگیریی لە پێکهاتنی دەوڵەتمەداریی کوردی کردووە. کوردان هەر لەسەرتای پەیدابوونیان لە گۆرەپانی رۆژهەڵاتی نزیکدا کویلە کراون، لەتوپەتیان کردوون و بەزۆر ناچارکراون پێناسەی ئایینی-کولتوورییە کەونارەکەی خۆیان بگۆڕن. هەر لە قۆناخە سەرەتاییەکانی مێژووی ئێتنیکی خۆیاندا کوردەکان نەیانتوانیوە بەرەنگاریی کارا لە بەرامبەر داگیرکاران و کۆیلەداراندا بکەن. بۆیە لە ناوچەی ئێتنیکی کورداندا، واتە کوردستان، نێوەندێکی گشت نەتەوەیی بۆ یەکگرتوویی ئێتنۆپۆلیتیکی پێکنەهاتووە تا ببێتە کانگایەک بۆ یەکگرتنی هەموو ئەو خاکەی ئاپۆرای کورد لەسەری ژیاوە.

بەم شێوەیە، کورد هەر لە قۆناخە سەرەتاییەکانی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی و پێکهاتنی نەتەوەی کورد نەیتوانێوە دەوڵەتمەداری خۆی تەنانەت لە قەوارەیەکی سەرەتایی دامەزرێنێ. لێرەدا مەبەست ئەو یەککگرتوویە کورت خاینە عەشیرەتیانەی سەردەمی فیودالی و نێوە فیۆدالی نییە، بەڵکوو مەبەست قەوارەگەلێکی تارادەیەک سەقامگرتووی ناوچە ئێتنیکییەکان و لانکەی ژیانی نەتەوەیی‌یە کە لە قەوارەی دەوڵەتێکی نێوەندگەرای نەتەوەییدا یارمەتیدەری یەکگرتنەوەیان بێ. بەم هۆیەوە، ئەو پەرەسەندنە نەتەوەییەی کە تازە خەریکبوو لە نەتەوەی کورددا پێکدەهات، بە دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی بەردەوامی نەتەوەیی، رەوتێکی گەلێک لەسەرەخۆ پەیدا دەکات.

کوردەکان زۆر درەنگ فامیان بە جیاوازی نەتەوەیی خۆیان کردووە و زۆر درەنگتریش لە پێناو داخوازییەکانیان، لەوانەش داخوازییە هەرە سەرەکییەکەیان، واتە سەربەخۆیی نەتەوەیی و یەکگرتنەوەی وڵاتیان هەستاون.

کەوابوو، پێگرتن و پێکهاتنی ئتنۆسی کورد هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ گەلێک کۆسپی زۆر جیددیی رووبەڕوو بووە و لەپێش هەمووانیش، ئەو کۆسپانەی کە روخساری سیاسی و ئێتنۆپسیکۆلۆژیکیان (پێکهاتەی عەقڵیەتی نەتەوەیی) هەبووە. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زۆربەی گەلانی دیکەی کەم تەمەنتر، بەڵام خاوەن دەوڵەتمەداری لە روژاوا و رۆژهەڵات، کاردانەوەی ئەو کۆسپانە بۆ کورد بۆنەتە هۆکاری پاشکەوتوویی درێژخایەنی کورد لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووری و کولتووری. رێک هەر بەم هۆیەوە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد بەتایبەت لە قۆناخە سەرەتاییەکاندا و بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و نووسراوە کۆنە چاوگەییەکان، گەلێک دژوارە. نەریتی مێژوونووسی نەتەوەیی لای کورد تارادەیەکی زۆر کەم تەمەنە و ئێستا پەرەی نەستاندووە و لەو وڵاتانەی کوردستانیان دابەشکردووە، نووسینی مێژووی کورد وەک نەریتێکی لێهاتووە کە ئەگەر راستەوخۆ پێچەوانە نەکرابێ، لەسەر بنەمایەکی گەلێک مەبەستدارانە ئاماژەی پێکراوە. زۆر ئاشکرایە کە رۆانگەی دەرەکی (زانستی رۆژاوایی و رووسی) سەبارەت بە مێژووی کورد تەواوکەرەوە نییە و تەنانەت هێندێکجار مەبەستدارانەشە.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد هەر زۆر زوو هەست بە دژوارییەکەی دەکرێ و بێوێنەبوون و پاڕادۆکساڵ بوونی دەکەوێتە بەرچاو کە "نیکۆلای ماڕ" یەکێک لە دامەزرێنەرانی کوردناسی لە

ئاکادێمیای رووسیا، بۆ یەکەمجار ئاماژەی پێکردووە و کوردان بە "منداڵە هەتیوەکانی مێژوو" ناودەبات و دەنووسێ: "لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا مێژووی نەتەوەیەکی لەبیرکراو بوونی هەیە.... تاقە نەتەوەیەکی ئەو ناوچەیەی کە ئێمە بەرژەوەندییمان هەیە و زۆر پیش پەیدابوونی تورکەکان، لەسەر لوتکەی ئازایەتی ژیانی شوانی-جەنگاوری وەستابوون و هێشتا تێکەڵاوی شێوازە چەوت و ئاڵۆزەکانی ژیانی دەستکردی شار نەبوون و بە پشتبەستن بە جیهانبینی یەکگرتوویی خۆبەختکارانەی کۆمەڵایەتییان هێشتا لەژیاندا ماون و بەهیچ شێوەیەک نەکەوتوونەتە ژێر کاردانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارومەندیی تورکەکان"[6]. دواتر دەڵێ: " جێگای داخە کە هیچ بەڵگە و ئاماژەیەک سەبارەت بە ژیانی نێوخۆیی سەردەمی کەوناری ئەو گەلە لەبەر دەستدا نییە و مێژوو سەبارەت بە ژیانیان لە ماوەی نێوان قۆناخی سەردەمی رۆژهەڵاتی کلاسیک و دۆخی هاوچەرخ، بێدەنگە"[7].

بەدوواداچۆن لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی کە نیکۆلای ماڕ لەبارەی دەگمەنی چارەنووسی مێژوویی گەلی کورد ئەنجامی داوە و بریتین لە بۆچوونگەلێکی قوڵی مێتۆدۆلۆژیکی سەبارەت بە تیۆری "رەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی" و تیۆری ئێتنۆلۆژی بەگشتی و بەتایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیک، گەلێک سرنجڕاکێشن. نیکۆلای ماڕ ئاماژە دەکات بە نەخشی کارای کوردان لە "رەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی" تورک و تورکانی ئاسیای بچۆک ("بەکۆمەڵ تێکەڵاوبوونی خوێنی کورد و تورک") کە تازە لە سەدەی ١٠ تا ١١

---

[6] ن.ئا.مار، دیسان سەبارەت بە وشەی "چەڵەبی". ل. ١١٧. -. نووسەر.
[7] هەمان سەرچاوە. ل. ١٢٣-.نووسەر.

بەرەو رۆژاوای ئاسیا کۆچ دەکەن، کاتێک ئەو ناوچەیە لەمێژبوو گۆڕەپانی ئێتنیکی ژیانی کوردە خۆجییەکانی پێکهێنابوو. لێرەدا نیکۆلای ماڕ هەڵبەت نە لەرووی چەندایەتی، بەڵکوو لە ئاست رادە و چۆنێتی، جەخت لەسەر نەخشی زۆر گرینگی کورد دەکات: "دیارە کە کوردان چ لەئاست دەوڵەتداریی و چ لەئاست "رەسەنایەتی نێو کتێباندا" نەخشی سەربەخۆیانە و بەرچاویان نەگێڕاوە"[8]. بەڵام ئەوە رێگامان پێ نادات بڵێین کە گۆیا "گەلێکی دڕندەن" و شەڕانگێزیی تەنیا کاروباریان بووە. "ئەوە مێژووکەی خودی رۆژهەڵات تاوانبارە، کاتێک زۆرتر گرینگی بە شەڕانگێزیی داوە تا بە دیاردە کولتوورییە ئاشتیخوازە راستەقینەکان". نووسەر لە درێژەی بۆچوونەکانیدا دەڵێ: "وادیارە زانا رۆژهەڵاتناسەکان لەو پێگەدا نیین کە نەتەنیا بیر لە رەسەنایەتی و بەکولتووربوونێک لەدەرەوەی مۆڵکداریەتیی و شێوازە تایبەتەکانی بازرگانیدا ناکەنەوە، بەڵکوو هیچ لێکۆڵینەوەی زانستیشی لەسەر ناکەن. بەداخەوە ئەو پێش مەرجانە، بەهەڵە تێگەیشتنێکی فرە مەزنی بەرهەم هێناوە". نیکۆلای ماڕ بەتوندی بەرپرچی ئەو بۆچوونەی "تێۆدۆر نوێلدکە" رۆژهەڵاتناسی ئاڵمانی دەداتەوە کە گوتوویەتی: "کورد بەتەوایی نمونەیەکی بەرچاوی بێ کولتووریی بووە و هەیە" و دەڵێ: "ئەو بڕیارەی کە نوێلدکە لەسەر کورد داوێتی، دووپاتکردنەوەی دەنگۆ و تۆمەتێکە کە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە"[9]. پاشان ئەو زانا رووسە لێکدانەوەیەکی فرە گرینگ و قوڵ دەکات: "... هۆزەکانی کورد لە مێژووی باشووری روژاوای ئاسیادا تا ئێستاش، درێژەدەر و پێشاندەری فاکتەرێکی سەربەخۆ و هێزێکی مەزنی کۆمەڵایەتی-

---

[8] هەمان سەرچاوە. ل. ١٢٥-.نووسەر.
[9] هەمان سەرچاوە. ل. ١٢٦-.نووسەر.

کولتوورین. پێش هەموو شتێک دەبێ کلیلی ئەو دیاردەیە لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کورد  و لە گۆرانی و هەڵپەڕکێکانی کورددا بیدۆزینەوە"[10].

نیکۆلای ماڕ سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد بۆچوونێکی زۆر گرینگ دەردەبڕێ: "... بەهۆی نەبوونی سەرچاوەگەلی مێژوویی راستەوخۆ و نووسراوە، ناچارین وەک چۆن لە زانستی پالێئۆنتۆلۆژی[11] لێکۆڵینەوە لە بەردینەی ژیانلەبەرەکان دەکرێ، ئێمەش بچینە نێو کۆمەڵانی بەساڵاچوو و لە شێوازی ئاخاڤتن و گوێراگرتن لە کۆمەڵانی خەڵکی رەسەن و دیاردە کۆنە ئایینییەکان بکۆڵینەوە"[12].

لێرەدا ئاماژەیەک بە سەردێری بابەتەکانی نیکۆلای ماڕ، زەمینەیەکی بەنرخ دەڕەخسێنێ بۆ لێکدانەوەی تایبەتمەنییەکانی مێژووی کورد و کوردستان. ئەوەش هێندێک لەم سەردێڕانەیە:

- مێژووی ئێتنیکی، سیاسی و کۆمەڵایەتی-کولتووری کورد لەگەڵ مێژووی گەلانی دیکەی رۆژاوای ئاسیا پەیوەندی نەپساوەی هەیە.
- دواکەوتوویی مەرجدارانەی مێژوویی لە گەشەسەندنی کورد، ناتوانێ ببێتە بنەما بۆ نکۆڵیکردن لە هەبوونی ئەو ئاراستە تایبەتمەند و تاقانەیەی رێک بۆ کورد پێکهاتووە و کاردانەوەشی لە مێژووی ناوچەکەدا داناوە.

---

10 هەمان سەرچاوە. ل. ١٢٧-.نووسەر.

11 Paleontology

12 نیکۆلای ماڕ ، دیسان سەبارەت بە وشەی "چەڵەبی" ل. ١٥١ -.نووسەر.

- شارستانیەتی کورد تاقانەیە، خۆرسک و خۆتەوەرە و لەنێو شارستانیەتی گەلانی ناوچەکەدا پشکی خۆی و شوێنێکی شایستەی هەیە.

نەبوونی دەوڵەتمەداریی کورد بۆتە کۆسپ و لەمپەر لەبەر پێکهێنانی نەریتێکی نەتەوەیی لەم رەوتە مێژووییەی کە کورد تێپەڕیکردووە. بەڵام ئەو کەماسییە نابێ ئەرکی لێکۆڵینەوە لەم مێژووییە پەک بخات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە شێوازگەلی دەگمەنی لێکۆڵینەوە و بەرفراوانکردنی مەودای گەڕان لەدووای سەرچاوەکان، کەڵک وەربگرین. جگە لە تێبینییەکانی نیکۆلای ماڕ، ئاماژەیەکی تاڵی یەکێک لە دامەزرێنە سەرەکییەکانی کوردناسیی لە رووسیا، ئاکادێمیک یۆسف ئۆربێلی[13] سەبارەت بە گەلی کورد، دەتوانێ رێبەر و رێگاپێشاندەری ئەم ئەرکە بێ: "... ئەو گەلە خزمەتێکی مەزنی بە کولتووری رۆژهەڵات کردووە. ئەو گەلە هەمان گەلە کە کۆمەڵێک لە رۆڵەکانی خۆی لەژێر ناوی ئێرانی، تورک، عەڕەب و ئەرمەن لەدەست داوە، واتە ئەو کەسایەتییە هەڵبەستقان، هونەرمەند و سەرداره مەزن و ناودارانەی کە بەهۆی ناوەکانیان مێژووی گەلانی دیکەیان رازاندووتەوە، هەر بۆیە لە نێو ئورووپی و رووسەکاندا کورد بەهەڵە وەک گەلێک ناسڕاه کە نەتەنیا توانای

[13] Joseph Orbeli یۆسف ئابراگلی ئۆربێلی (١٨٨٧-١٩٦١) رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی سۆڤیەتی بە ڕەچەڵەک ئەرمەن. -. وەرگێر.

بەرهەمی کولتووریی نییە بەڵکوو تەنانەت کولتووری بێگانەش لەخۆ ناگرێ "[14].

ئەرکی زانست بریتییە لە ساخکردنەوەی مێژووی راستەقینەی گەلی کورد و کوردستان و لەگەڵیدا بەشە لێکگرێدراوەکانی (سیاسی. کۆمەڵایەتی-ئابووری و کولتووری) و پێشاندانی بایەخی خۆرسکی و پلەوپایەی لەئاستی ناوچەکە (رۆژاوای ئاسیا) و جیهاندا. بۆ ئەمەش پیویستە چەمکە سەرەکییەکانی، واتە ناوەڕۆک، تایبەتمەنییەکان و روخسارە سەرەکییەکانی ئەو میژوویە ناوبەرین، دیاری بکەین و بەپێی توانا بەتەواوی بیخەینە بەر لێکۆڵینەوە.

[14] یۆسف ئۆربێلی، پێشەکی بۆ کتێبی "یادگارییەکانی شۆتا رووستاڤێلی". لێنینگرد، چاپی ١٩٣٨، ل. ٥. -.نووسەر.

# سنوورەکان و پانتایی

پێکهاتنی هەر نەتەوەیەک، هەر لە قۆناخە سەرەتاییەکانی دەستپێکی رەوتی پێکهاتنی ئێتنیکییەوە تا گەیشتن بە ئاستی نەتەوە، لە چوارچێوەی پانتاییەکی دیاریکراوی جوگرافییدا روودەدات و ئەو پانتاییە جوگرافییە کاردانەوەی راستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆ لەسەر ئەو رەوتە دادەنێ. ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی-ئابووری، سیاسی و کولتوورییەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەرچی کەمگەشاوەتر و پێش‌نەکەوتووتر بێت، ئەوەندەش زۆرتر فاکتەری جوگرافی بەگشتی گرینگایەتی دەبێت. رادەی کاردانەوەی ئەو پێوەرە لەنمونەی کورداندا زۆر بەجوانی دەردەکەوێت.

کوردستان (واتە "وڵاتی کوردان") هیچ کاتێک سنوورە جوگرافییەکانی بەروونی دیار نەبووە و ئێستاش دیار نییە، چونکوو دەوڵەتی خۆی نەبووە و تەنیا "وڵات"ێکە بەمانای جوگرافی، واتە خاک و ناوچەیەک هەیە کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی سەرەکی هەر لە کەونارەوە بریتی بوون لە کوردەکان. لەژێر واتای "سەرەکی‌ترین" دانیشتووان، مەبەست رێژەی دانیشتووانی کورد لەو

ناوچانەی رۆژهەڵاتی نزیکە کە زۆربەی رەها و یان پرانی رێژەیی ئاپۆراکەی پێکدێنێ. بەهۆی نەبوونی ئامارێکی رێک و سەلمێندراوی سەرژمێری ئێتنیکی، دیارە ئەم تەخمینە ئەگەر نەڵێین جێگای باوەڕ نییە، زۆر رێژەیی‌یە و گەلێکجار مەبەستدارانە و رێک بۆ شێواندن کەڵکی لێوەردەگیرێ. بۆیە دەبێ ئەو رێژەیە بەشێوەی بەراوردکارانە ساخ بکرێتەوە، ئەگەرچی هێندێکجاریش رێژەیەکی خەیاڵی و زەینی‌یە.

بە هۆکاری دیار، بەرهەمە زانستییە نەتەوەییەکانی کورد ماکسیمالیستانەیە. لە تاقە نووسراوە سەبارەت بە جوگرافیای کوردستان کە لەبەر دەست دایە، رووبەری "سنوورە مێژوویی و ئێتنیکییەکانی" کوردستان رێک ٥٣٣ هەزار کم. چوارگۆشە لێکدراوەتەوە[15] کە جێگای پرسیارە. نووسەرانی کورد، لە روانگەیەکی زیادەڕەوانەی نیشتیمانی ئەو ناوچانەی کە ئاپۆرای کورد بەشێوەیەکی رێژەیی و یان بەروونی، کەمایەتی پێکدێنن بە کوردستان دەلکێنن و هەروەها هێندێک ئتنۆس بە کورد هەڵدەسەنگێنن کە لە روانگەی ئێتنۆلۆژی سەردەمیانەوە جێگای پرسیارە (وەک لورستانی بچۆک و مەزن لە ئێران)[16]. کوردستان وەک واتایەکی ئێتنۆپۆلیتیکی هاوچەرخ، دەبێ رێک وەک ناوچە هاوسنوورییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا پێناسە بکەین کە پانتاییەکەی ٣٤ تا ٤٠ پلەی پانایی جوگرافی و ٣٨ تا ٤٨ پلەی درێژایی جوگرافی دەگرێتەوە و لە رۆژاوا تا رۆژهەڵات بە درێژایی نزیک بە ١٠٠٠ کم. و لە باکوور تا باشوور ٣٥٠ تا ٥٠٠ کم

---

[15] گ. ئی. عەبدوللا، "کوردستان، ئاپۆرا و دابەشکاری ناوچەیی و یەکەی ئیداری"، چاپی ستۆکهۆلم، ١٩٩٩، ل. ٥. -. نووسەر. هەمان سەرچاوە. ل. ١٠-.نووسەر.

[16] هەمان سەرچاوە، ل. ١٠. -. نووسەر.

پانایی لەخۆ دەگرێ و بیجمێکی رێکی نییە و هیلالێکە کە لای باکووری، هێڵێکی چەماوەی لەروژاواوە بەرەو رۆژهەڵات پێکهێناوە. رووبەری گشتی کوردستان نزیک بە ٤٥٠ هەزار کم. چوارگۆشەیە (دووجار لە بریتانیا مەزنترە[17]).

بە پێوەری جوگرافیای سرووشتی[18]، واتای "کوردستان" گەلێک مەزنترە و وڵاتێکی شاخاویی بەرفراوان لە باشووری رۆژاوای کیشوەری ئاسیا دەگرێتەوە و لە باکووری رۆژاوا و باشووری رۆژاوا، کەنارەکانی دریای رەش و دەریای سپی (کەنداوی ئەسکەندەروون) و لە باکووری رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات، دەریای خەزەر و کەنداوی فارس لەخۆ دەگرێ. سنوورەکانی باکووری ئەو وڵاتە لە باشووری قەفقاز و لە هێلی باشووری کوێستانی شوشا[19] تێدەپەڕێ و سنوورەکانی باشووری، دەگاتە نزیکی سنوورەکانی ئێستای تورکیا و سووریا و بەدرێژایی هێلی ئاسنی بەغدا[20] درێژەی هەیە و پاشان لە عێراقدا، کەنارەکانی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە دەگرێتەوە. ئەو پانتاییە بەرفراوانەی کە و رووبەرەکەی دەگاتە پتر لە ٥٥٠ هەزار کم. چوارگۆشە، لە رۆژاوا و رۆژهەڵات سنوورێکی دیاریکراوی سیاسی و جۆگرافیای سرووشتی نییە. هەڵبەت لە رۆژاوا دەکرێ تا رادەیەک بەپێێ لای رۆژهەڵاتی هێلی نێوان سێواس و مەرعەش [یان گورگوم] و لە رۆژهەڵاتیش بەپێی لای رۆژهەڵاتی هێڵی نێوان کرمانشان- سنە – گۆمی ورمێ – ماکو، سنووری جۆگرافیای سرووشتییەکەی دیاری

---

[17] هەمان سەرچاوە. ل. ١٠-.نووسەر.

[18] Physical geography

[19] شوشا یان شوشی. گەورەترین شاری ناوچەی قەرەباخ لە کۆماری ئازەربایجان -. وەرگێر.

[20] مەبەست هێڵی ئاسنی ئێستامبوڵ – بەغدا یە. -. وەرگێر.

بکەین. خاکی نێوان ئەو پانتاییە جوگرافییە (هەڵبەت نە ئێتنیکی) کە لانکەی مێژوویی گەلی کوردە، وڵاتی شاخاویی کوردستان پێکدێنێ.

## چەمکەکانی جوگرافیای سرووشتی

تایبەتمەندیی سەرەکی خاکی کوردستان بریتییە لە زنجیرە چیاکان بە گشتی. تەواوی ئەو خاکە بە کۆمەڵە چیایەک: چیاکانی کورد-ئەرمەن (لە تورکیا) و زاگرۆس (لە ئێران و عێراق) داپۆشراوە. زنجیرەیەک لەم چیاگەلە (مزنترینیان بریتین لە زنجیرە چیاکانی نێوخۆیی یان چیاکانی ئەرمەن، تاور و کوردستان لە سنوورەکانی تورکیا و ئێران) بەپانی، و لەهێندێک شوێن بەئاڕاستەی "هێڵی دووجەمسەریی"[21] لەم وڵاتەدا تێپەڕ دەبێ. تایبەتمەندیی هەرە سەرەکی نەخشەی ئۆرۆگرافی[22] خاکی کوردستان بریتییە لە چیا پەرتەوازەکان کە لە تەواوی خاکی کوردستاندا دەبیندرێن.

هەر بەو شێوەیە روخساری هیدرۆگرافی کوردستانیش دەگمەنە. ئەم وڵاتە بەتەواوی ویشکانی‌یە و هیچ رێگایەکی راستەوخۆی بۆ دەریای ئازاد نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا وڵاتێکی پڕ ئاو دێتە هەژمار و

[21] Meridional

[22] Orography بەشێک لە جوگرافیای سرووشتییە کە بەپێی وێنای دەرەکییان باسی بیچم و پلەبەندیی زنجیرە چیاکان دەکات. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

دوو لە گۆلە هەرە (سوێرە) مەزنەکانی روژاواى ئاسیا، وان و ورمێ و هەروەها سەرچاوە و ڕێرەوی دوو لە مەزنترین رووبارەکانی ڕۆژاوای ئاسیا، واتە دیجلە و فۆرات، دەگەڵ دەیان رووباری مامناوەندیی و بچۆک و لکوپۆکانی لە کوێستانە هەژمار نەهاتووەکانەوە دەرژێنە ناو دۆڵ و دەراو و دەشتاییەکانی ئەم وڵاتە.

بێ دوچاربوون بە دێتێمینیزمی جوگرافی[23]، دەتوانین باسی کاردانەوەی نەرێنی ئەو رووبەرە شاخاوییەی کوردستان لەسەر رەوتی سرووشتی یەکگرتنەوەی پێکهاتە ئێتنیکییەکانی کورد بکەین. لەسەرەتای دەستپێکی ئەو رەوتەدا، رووبەری جوگرافیای سرووشتی، واتە زنجیرە چیاکانی دژوار بۆ هاتوچوو، بەتایبەت لە کاتی زستاندا، کۆسپێک بوون بۆ هاموشوی ئاسایی کۆمەڵانی خۆجێیی کورد، بۆیە رەوتی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی زۆر بە دژواری و گەلێک لەسەرەخۆ و هێندێکجاریش بەپێچەوانە و بەرەو جیاوازیخوازیی تێپەڕێوە. پرانی شوێنگەی ژیانی کوردان کە بەناوچەی "نیوە گەرمێن"[24] هەژمار دەکرێن، بەهۆی شاخاویی بوونیان و زستانە دورودرێژ، سارد و پڕبەفرەکانی و پلەی نزمی سەرما، ناکرێ بلێین گۆنجاون بۆ شێوازگەلی بەرهەمدار و کارای کشتوکاڵی (کە لە قۆناخە سەرەتاییەکانی مێژوو لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی نیزیکدا بنەمای سرووشتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی – ئابووری بووە). هەر بەهۆی ئەو هەلومەرجە سرووشتیانە بووە کە کورد بەگشتی لە وەرزەکانی ساڵدا رووی لە شێوازێکی کەم بەرهەمدارتری ئابووری کردووە وەک ئاژەڵداری بەربڵاو (بەپرانی ئاژەڵداریی مەڕ و بزن) بەشێوەی رەوەندی

---

[23] Geographical determinism زەبر یان تەوەژمی جوگرافی. -.وەرگێر.
[24] Subtropics

گرمێن و کوێستانی "ئەستوونی" (بەهاران لە دۆڵ و دەراوەکان بەرەو زۆزانە بەرزەکان و پاییزان بەرەوخوارێ) کە ئەوەش بۆتە یەکێک لە فاکتەرەکانی مەندیی و پەنگاوخواردەنەوەیستروکتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای نەریتیی کورد[25].

بێگۆمان بیچم و رووبەری دەرەکی جوگرافیای کوردستان یارمەتیدەری پێکهێنانی عەقلیەتی نەتەوەیی کوردیش بووە، پێکهێنەری کەسایەتییەکی دەگمەن و پتەوی کوردی-شاخەوان، مرۆڤێکی لەرووی سرووشتی خۆڕاگر و خاکەڕا، راهاتوو بۆ دەربازبوون لەهەر دژوارییەک و مرۆڤێک کە تەنیا پشت بەخۆی ببەستێ. ئەو تایبەتمەندیانە بوونەتە بەستێنی سەرەکی لە پێکهاتنی کەسایەتی دەگمەن و ناوبانگ دەرکردنی وەک مرۆڤێکی ئازا و ئازادیخواز، و جەنگاوەرێکی فرە پایەبەرز کە لە رۆژهەڵاتی نزیکدا گەلێک بەنرخە و کڕیاری هەیە.

سامانی سرووشتی کە لە کوردستاندا لێوانلێوە، یەکێک لە چەمکەکانی جوگرافیای سرووشتییە. "کۆمەڵگای ژیانمەند[26]"ی سەر خاکی کوردستان لەرووی سرووشتی و ئانترۆپۆژێنیکییەوە[27] هەمەچەشن و دەوڵەمەندە، ئەگەرچی وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد لە کوردستاندا رووبەری فرە بەرفراوانی دەشتایی بۆ کشتوکاڵ بەشێوەیەکی رێژەیی کەمە، بەڵام لە لایەکی دیکە هەبوونی مەودایەکی یەکجار زۆر لە مێرگ و لەوەڕگەی کوێستانی بە رەوەکە

---

[25] ئاماژەیەکی گشتی بە جوگرافیای سرووشتی کوردستان. ڕوانە: نیکیتین، کوردەکان، ل. ٧٤-٨٩ . -. نووسەر.

[26] Biocoenosis یان ئێکۆسیستەم، کۆمەڵەی ژیانلەبەرانێک کە لە پەیوەندیی نزیک لەگەڵ یەکتر لە "یەکەیەکی ژینگەیی (Ecologice)" سرووشتیدا دەژین. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

[27] Anthropogenic گۆڕانکارییەک کە بەدەستی مرۆڤ لە سرووشتدا ساز دەبێ. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

دەوڵەمەند و فرە چەشنەکەی، بەستێنێک لە خاکی بنەنیشتە و گڕکانی کە بەشێوەیەکی سرووشتی بەفراوانی ئاودێری دەکرێ، هەروەها دارستانەکانی نێوان دۆڵ و دەراوەکان بە درەختە هەمەچەشنەکانی کە نەتەنیا بۆ سوتەمەنی بەکار دێت بەڵکوو لە پیشەسازی چێودا گەلێک بەنرخن، کەشوهەوای گەرم (جگە لە ناوچە شاخاوییە زۆر بەرزەکان)، خۆدی دیمەنە سرووشتییە هەمە چەشنەکەی و فاکتەرە سرووشتییەکانی دیکەی، بەشێوەیەکی رێژەیی هەلومەرجێکی گشتی و رەخساوی بۆ ژیانێکی ئاسودەی ئەو ئتنۆسە و گەشەیەکی کارا بۆ هێزە بەرهەمهێنەرە ئابوورییەکانی گوند و لادێکان و هەمەچەشن سازیی ئەم کەرتە رەخساندووە. بەڵام، لە گشت مێژووی کوردستاندا هیچ کاتێک هەلومەرجێکی لەبار لەرووی کۆمەڵایەتی-سیاسی و بەستێنێکی کولتووری هاوتەریب لەگەلیدا پێکنەهاتووە تا ئەم سامانە سرووشتییە دەوڵەمەندە بەباشترین شێوە بخاتە خزمەت گەلەوە.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە گشت کۆمەڵگای ژیانمەندی ناوچەی کورد لە باشووری رۆژاوای ئاسیا دەگرێتەوە. دیارە پێش هەموو شتێک سامانی سرووشتییەکانی ژێر زەوییەکەی لەپلەی یەکەمی گرینگیدا دێت. و لێرەدا نەوتی کوردستان لە پلەی یەکەمدا دێت. کێلگە نەوتییەکانی کەرکوک (لە کوردستانی عێراق) کە لە داوێنی باشووری لکوپۆکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە، یەکێک لە کۆنترین و پڕ بەرهەمدارترین ناوچەی نەوتی لە جیهاندایە[28]. لە باکووری موسڵ و

[28] پاشکۆی نەوتی کەرکوک لە نێوەڕاستەکانی ١٩٧٠ بە ٢،٣ میلیارد تۆن خەملێنڕاوە (م.ج. بوورشتۆف، م.ج. لڤۆڤ، جوگرافیا و ژێئۆلۆژی نەوت و گازی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دەرەوە. چاپی مۆسکۆ، ١٩٧٩، ل. ٢٧٣). دەبێ جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە دەرهێنان

له ناوچەی خانەقین[29] و له کوردستانی تورکیا (له سێگۆشەی غەرزان[30] - گەرمک - رامان)، له کوردستانی ئێران (له دەوروبەری کرمانشان) و له کوردستانی سووریا (له باکووری رۆژهەڵات) هێندێک کێلگەی نەوتی تا رادەیەکی بەرچاو دەولەمەند، دۆزراونەتەوە و گەیشتوونەتە بواری بەرهەمهێنان. جگە لەمە، گەلێک سامانی سرووشتی بەکەلکی دیکە وەک بەردی کرۆم (کرۆمیت) له کوردستانی تورکیا (کە گرینگی جیهانی هەیە)، بەردی مس و ئاسن و ئووران دۆزراونەوە و تا رادەیەک بەرهەم دێن. سەرچاوە ئاوییەکانی دیجلە و فۆرات و رووبارەکانی دیکە، مەزنترین پاشکۆی ئابووری پێکدێنن کە بەهۆی شاخە بەرزەکانی ئەم وڵاتە تەوژمێکی فرە مەزن بۆ بەرهەمهێنانی وزە دەژمێردرێن. تەنیا له کوردستانی تورکیادا ئەم پاشکۆیە بە ٩٠ میلیارد "کیلووات- کاژێر" وزە خەملێندراوە[31].

سامانە سرووشتییەکانی کوردستان و پاشخانە ئاو - وزە - کارەباییە مەزنەکەی و هەروەها سامانە سرووشتییە زیندوو و فرەچەشنییەکی (خاک و لەوەڕگە و دارستان) بەپێی ئەو تەوژمە سودمەندەی کە تێیاندا بەدێ دەکرێن، هێشتا رۆڵێکی سوودبەخشیان

---

و راگواستنی نەوتی کەرکوک بە کەمترین تێچوو لەئاست جیهاندا ناسراوە. پروانە: م.س. لازاریف، کوردەکان و کوردستان (فاکتەرەکانی پێکهاتنی کێشەکە)، هەروەها: پرسی نەتەوەیی له وڵاتانی رزگاربووی رۆژهەڵات. چاپی مۆسکۆ، ١٩٨٦، ل. ٤٨. -. نووسەر.

[29] وادیارە رێکەوتی نووسینی ئەو بابەتەی پرۆفیسۆر لازاریف دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کات کە ئێستا "هەرێمی کوردستان" دەستی بە دۆزینەوە و هەناردەکردنی راستەوخۆی نەوت نەکردبوو. ئێستا ئیتر ئاشکرایە کە له زۆر ناوچەی دیکەی باشووری کوردستان وەک پارێزگای دهۆک و ناوچەکانی رانیە و پشدەر و گەرمیان و هتد زۆر سەرچاوەی گرینگی دیکەی نەوتی (هەروەها گازی سرووشتی) دۆزراونەتەوە و بەشێکیان گەیشتونەتە بواری دەرهێنان. -. وەرگێر.

[30] لەساڵی ١٩٦٩ بەرهەمەکەی گەیشتە ٣،٦ میلیون تۆن کە ٥٦٪ خواستی نەوتی تورکیای پێکدەهێنا، ئێستا بەرهەمی بۆتە ٢،٥ تا ٣ میلیون تۆن له ساڵدا. وەرگێر. سەرچاوە: http://turkyeconomy.ru/industry_1.php

[31] م.س. لازاریف، کوردەکان و کوردستان، ل. ٤٩. -. نووسەر.

له مێژووی ئابووری گەلی کورددا نەگێڕاوە. دیسان دووپاتی دەکەینەوە - چونکوو، بۆ ئەم مەبەستە بارودۆخی سیاسی لەبار پێویستە تا یارمەتیدەری گەشەی سەربەخۆی ئەو وڵاتە بێت. لێرەدا لە پلەی یەکەم دەکرێ بۆ پێشەسازیی و خێرا کردنی ئابووری لادێ، کەڵک لە فاکتەرە ژێئۆگرافی و ژێئۆلۆژییەکانی وەربگێرێت. هیچ هەوڵێکی لەم چەشنە لە مێژووی کوردستاندا نەدراوە. کوردەکان دوایین کەسان بوون کە سوودیان لە سرووشتەکەی خۆیان بینیوە. هەمیشە یەکەم کەسەکان ئەوانە بوون کە کوردستانیان داگیر و خاکەکیان دابەش و گەلەکیان سەرکوت کردووە. داهاتی بەرهەمە نەوتییەکانی کوردستان کە پاش شەری یەکەمی جیهانی دەست بە دەرهێنانی کراوە، لەسەرەتادا دەرژانە بانکەکانی لەندەن و پایتەختەکانی دیکەی رۆژاوایی و لە دووایین دەیەکانی سەدەی بیستەمیشدا دەسەڵاتدارانی عێراق دەستیان بەسەردا گرت، واتە دەرژا ناو گیرفانی تاقمە چەکدارە ناسیۆنالیستەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و یان بۆ خوڵقاندنی کارەساتە سەربازییە دژەگەلییەکانیان. سەبارەت بە سامانە سرووشتیەکانی دیکەی کوردستان جگە لە دەرهێنانی بەردی کرۆم کە بەتەواویی هەناردەی دەرەوە دەکرێ، بەرهەمهێنانی وزە لە توانای رووباڕەکان بەهۆی ئاستی نزمی گەشەی پیشەسازیی لە وڵاتدا، ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و کاری شایستەی بۆ نەکراوە.

کەوابوو، تایبەتمەندی چەمکەکانی جوگرافیای سرووشتی کوردستان ئەوەمان پێشان دەدات کە بەهۆی نەبوونی گەلێک هەلومەرجی ئۆبژێکتیڤی دیکە و لە پلەی یەکەمدا بەهۆی نەبوونی بارودۆخی گۆنجاوی سیاسییەوە، فاکتەرە سودبەخشە

سرووشتییەکانی ئەم چەمکانە کە کاریگەیان لە پێشکەوتنی مێژوویی گەلی کورد بەدی دەکرێن، بەتەواوی سنووردار بوون.

## چەمکە ئێتنۆکۆمەڵایەتییەکان

چەمکە ئێتنیکییەکان نەخشێکی بەرچاو و هێندێکجار گرینگ لە مێژووی گەلاندا دەگێڕن و دەبێ لە دوو ڕەهەندی نێوخۆیی و دەرەکییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ. ڕەهەندی یەکەم بریتییە لە پرسی یەکگرتنەوە و گەشەی ئەو کۆمەڵگا ئێتنیکییەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین. ڕەهەندی دەرەکییەکەی پەیوەندیی هەیە بە جێگای ئەم کۆمەڵگا ئێتنیکییە لە نێو سیستەمی ئێتنیکی ئێتنۆسەکانی دەوروبەری و پەیوەندییە هاوبەشەکانیان، واتە بە درووستی برتییە لە پرسی نەتەوەیی. ئەم دوو ڕەهەندە پەیوەندییەکی نەپچڕاوەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ڕەوتی پێکهاتنی نەتەوەی کورد لە نێوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا دەستپێدەکات کە چاوگە و سەرەتای مێژووی کورد پێکدێنێ. دەکرێ بڵێین کە یەکگرتنەوەی ئێتنیکی کورد و گەشەی مێژوویی کۆمەڵگای کورد وەک کۆمەڵگایەکی ئێتنیکی جیاواز، بەشێوەیەکی هاوتەریب و هاوکات ڕوویداوە، ئەم دوو پرۆسەیە هەم کاردانەوەیان لەسەر یەکتر داناوە و هەم هاوکاتیش بەشێوەیەکی کارا پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبووە.

نەتەوەی کورد لە بارودۆخی وەرچەرخانێکی مەزنی گەلانی باشووری رۆژاوای ئاسیادا کاتێک ئیتر پێکدێت کە هێزێکی هزری - سیاسی نوێ و بەتوانای وەک ئیسلامی جەنگاوەر پەیدا دەبی و بە دەنگێکی مەزن لە گۆڕەپانی مێژوودا سەربەرز دەکاتەوە. هۆزەکانی نیمچە دوڕگەی عەڕەبستان وەک یەکەم پەیڕەوانی ئەم هزرە، توانیان لە ماوەیەکی زۆر کورتی مێژوویی و لەژێر ئاڵای سەوزی ئەم ئایینە پاوانخوازە[32]دا، سیستەمێکی دەسەڵاتداریی سەرسووڕهێنەر کارا، بەتایبەت لە داگیرکاریی دەرەکییدا، پێکبێنن کە لە زەریای ئەتلانتیکەوە تا پامیر و هیند بتەنێتەوە و مەودای خۆی (بەردەوام تا ئەم سەردەمەش) بەرەو باشوور و رۆژهەڵات پەرە پێبدات. کورد دەبێتە یەکێک لە یەکەم قوربانییەکانی ئەو فراوانخوازییە[33] ئیسلامییە.

لەنێوەڕاستی سەدەی حەوتەم کاتێک سەردەمی داگیرکارییەکانی عەرەب دەست پێدەکات، گەشەی نەتەوەیی کوردەکان و یەخسیرکارە عەرەبەکانیان کەمتاکورت لە یەک ئاستدا بوون. بەڵام عەرەبەکان پڕێک باڵادەستی بەرچاو پەیدا دەکەن کە لە کوتاییدا دەبێتە هۆی سەرکەوتنیان بەسەر کورددا.

**لەپلەی یەکەمدا**، هۆزە عەرەبەکانی حیجاز، نەجد[34]، عەسیر[35]، شەممر[36] و ناوچە مێژووییەکانی دیکەی نیمچە دوڕگەی عەڕەبستان لەرووی ئێتنیکییەوە (هەروەها لەباری زمانییەوە) نزیک لیکتر بوون.

---

[32] Totalitar -. وەرگێڕ.

[33] Expansionism -. وەرگێڕ.

[34] ناوچەیەکی بەرزی سعوودی، ٧٥٠ تا ١٥٠٠ میتر، لە باکوورەوە لەگەڵ عێڕاق و ئۆردۆن، لە باشوور لەگەڵ "ربع الخالی"، لە رۆژهەڵات لەگەڵ "احساء" و لە رۆژاوا لەگەڵ حیجاز هاوسنوورە. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

[35] ناوچەیەکی باشووری سعوودی. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

[36] شەممر، یەکێک لە هۆزە مەزنەکانی سعوودیە کە لە عێراق، کوێت و سووریاش نیشتەجێن. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

یەکچەشنی رووبەری جوگرافی سعوودی، جگە لە کەنارە بەرزەکانی ئەم نیمچە دوڕگەیە لە باکووری رۆژاوا، باشوور و باشووری رۆژهەڵات، لەهەمبەر هاموشوو، و دیارە بۆ یەکگرتنەوەی ئێتنیکی ئەم هۆزانەش، نەبوونەتە کۆسپ. لە کاتێکدا، هۆزەکانی کورد سەرەڕای هەبوونی بنەمای ئێتنیکی هاوبەش، لە باری شوێنی نیشتەجێیی و تەنانەت لەرووی زمانیشەوە بەداپراویی و دوور لەیەکتر مابوونەوە. هەر رێک بەم هۆیەشەوە بووە کە نەیانتوانیوە لەبەرامبەر داگیرکارییەکانی عەڕرەبەکاندا بەربەرەکانی و بەرگریی کارا و یەکگرتوو لەخۆیان پێشان بدەن.

**لەپلەی دووەمدا،** عەرەبەکان لەچاو کوردەکاندا لەرووی ئێتنۆکولتوورییەوە سەرکەوتووتر بوون. پەیرەویکردنی بەکۆمەڵی عەرەبەکان لە ئایینی یەکتاپەرەستیی ئیسلام، نەتەنیا بەستێن و زەمینەیەکی نوێ و یەکپارچەکەرەوەی بۆ عەقڵیەتی نەتەوەیی عەڕەبەکان ساز کرد، بەڵکو بزوێنەرێکی مەزنی هزری- سیاسی بۆ هێرشە داگیرکارییەکانیان دا بەدەستیان کە لە ئاکامدا ئیمپراتوریای زەبەلاحی خەلافەتی لێکەوتەوە. ئەمە هەمووی لە کاتوساتێکی مێژوویی گەلێک کورتدا روویاندا و لەگەڵ خۆیدا سڕینەوەی ئاسەواری گەلێک لە گەلانی رەسەنی ژێر پاوانی عەرەبەکانی لێکەوتەوە. بەعەڕەبکردن، بوو بەهۆی لێک نزیککردنەوەی ئێتنیکی و بەتایبەت زمانی، گەلی عەڕەب لەگەڵ گەلە ئارامی زمانەکانی باشووری

ڕۆژاوای ئاسیا و بەربەرەکانی[37] باکووری ئەفریقا. دیارە کەرەسەی سەرەکی بەعەربکردن هەمان ئایینی ئیسلام بوو.

داگیرکاریی عەرەبە موسڵمانەکان هەروەها پانتایی ناوچەکانی گەلە ئێرانی زمانەکانیشی گرتەوە (دوواتر گەلە تورک و هیندییەکان و هتد.)، و لەوانەش ئەو ناوچەیە کە پاشان ناوی بوو بە کوردستان، بەڵام لێرەدا تا رادەیەک ئاکامەکانی جیاوازتر دەبێ. بەعەرەبکردن لە کوردستاندا گەلێک رووکارانە روویداوە و تەنیا تا رادەی موسڵمانکردن و پەرەپێدان بە زمانی عەرەبی وەک زمانێکی ئایینی و زمانێکی هاوچەشنی "Lingua franca[38]" بۆ تاقمێکی کەم هەژمار، بەڵام خوێندەواری ئەو ناوچەیە چۆتەپێش. کاردانەوەی بەعەڕەبکردنی کوردەکان تەنیا لەم چوارچێوەیەدا بووە. کوردەکان بۆ داگیرکاران "پارووی قوڕگ خنکێن" بوون و کورد توانی روخساری نەتەوەیی خۆی بپارێزێ.

کوردەکان بەربەرەکانییەکی درێژخایەن و بەتواویی سەرکەوتوانەیان لە بەرامبەر سیاسەتی سەدان ساڵەی بەزۆر تواندنەوەی خەلیفەکانی عەڕەب لەخۆیان پێشاندا. پسپۆڕی مێژووی سەدەکانی نێوەڕاستی کورد، واسیلییەڤا لەم بارەدا دەڵێ: "گوێڕایەڵی کوردان لە دەسەڵاتداری خەلیفەکان تا رادەیەکی یەکجار زۆر روواڵەتیی بوو. تا پێش قۆناخی سەرهەڵدانی عەرەبەکان وەک سەرەکیترین

---

[37] خەڵکی بەربەر یان ئامازیغ، کۆمەڵێک خەڵکن کە ئێستاش لە باکووری ئافریقا لە وڵاتانی جەزاییر، مەغریب، لیبیا و توونس دەژین و بە زمانی بەربەری یان ئامازیغی دەئاخڤن و زۆربەیان موسڵمانن و ژمارەیان ٢٥ تا ٣٠ میلیون کەس دەبێ. بەڵام ژمارەی ئەوانەی خۆیان بە بەربەر دەزانن و بە زمانێکی دیکە دەئاخڤن گەلێک لەمە زۆرترە. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

[38] Lingua franca زمانێک (وشەکانی پتر ئیتالی بەتایبەت وێنیزیی، هێندێک ئیسپانی و پرۆڤێنسی فەڕانسی، یۆنانی، عەڕەبی، تورکی و فارسی) کە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا تا سەدەی ١٩لە نێوان بازرگانە عەڕەب و تورکەکان لەگەڵ ئورووپییەکان (کە لە رۆژهەڵاتی نزیکدا پێیان دەگوتن: فرانک Franc) بەکارهاتووە و ئێستاش ئەم واتایە بۆ زمانی ئاخافتنی نێوتەوەیی بەکار دێت. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

ئالاهەڵگرانی ئیسلام، کوردەکان بریتی بوون لە ئتنۆسێکی سەقامگرتووی خاوەن ستروکتورێکی دارێژراوی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆ. رەوتی خۆبەڕیوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی-ئابووری بە ئامانجی دابینکردنی ژیانی ئەم ئتنۆسە و بۆ راگرتنی مەودای کۆمەڵایەتی-سیاسی لەگەڵ ناوەند و لەپێناو سەربەستی، لەچوارچێوەی ئەم ستروکتورەدا بەڕێوە دەچوو و لێرەدا شێوازی کۆچبەری، دابینکەری سەربەستیان بوو. هۆز، ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتی- سیاسییەی پێکهێنابوو کە رێگای دەدا بە راگرتنی مەودا و دوورکەوتنەوە لە ناوەند چ بە درێژایی سەردەمەکانی خەلافەت و چ لە ماوەی سەدان ساڵی دواتریشیدا"[39]. بەعەڕبکردن، پتر تەنیا لایەنی ئایینی و پڕێکیش لە لایەنی کولتووری ژیانی کۆمەڵگای کوردی (ئەویش تەنێ نوخبەکانی ئەم کۆمەڵگایە) دەگرێتەوە.

کوردەکان تەنیا لەلایەن عەرەبەکانەوە بەرەورووی هەڕەشەی تواندەنەوەی رەگەزی نەبوونەوە. پێ بەپێی لاوازبوونی خەلافەتی بەغدا و هەڵکشانی مەیلی دورکەوتنەوە لە ناوەند لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کورد، رۆژهەڵاتی نزیک وەک "کاروانسەرایەکی" لێدێ و دەبێتە گۆرەپانی جموجۆڵی پەیتا پەیتای داگیرکارانی بێگانە. لە سەدەی ١١ەوە، لەسەرەتا تورکەکان سەردەکەون (سەڵجووقییەکان، تورکمەنەکان) کە پاشان بە دەست مەغۆلەکان (کە بەشێکیان دەبنە تورک) لەنێو دەچن و دوواتر دیسان تورکەکان (تورکانی عۆسمانی) دەبنە بالادەست. بەڵام پرانی کۆمەڵانی کورد نە دوچاری بەتورککردن، و دیارە نە بەمەغۆلکردنیش دەبن. لەوانەیە تارادەیەک خوێنی کورد

---

[39] مێژووی کوردستان، چاپی مۆسکۆ، ١٩٩٩. ل. ٤٨-٤٩. -. نووسەر.

لەگەڵ عەڕەب و تورک و مەغۆل تێکەڵبووبێ، بەڵام ئەمە پێناسە ئانترۆپۆلۆژیکی و ئێتنۆکولتووری گەلی کوردی نەگۆڕیوە. ئەوەش بەتایبەت و بەپێی گشت بەڵگە سەلمێندراوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ روخساری جیاکەرەوانەی عەقڵیەتی نەتەوەیی و سرووشتی کورد کە ئازادیخوازی بێسنووری ئەم گەلەیە. هەر ئەم عەقڵیەتەشە کە ئەوپەڕی خۆڕاگریی کوردی پێکهێناوە. "داگیرکاران، چ عەڕەب، چ تورکانی سەلجووقی یان مەغۆلەکان شەڕی کوردانیان کردووە، سەرکەوتنیشیان بەدەست هێناوە (هەڵبەت نە هەمیشە) و شار و گوندەکانیان ئاگەر تێبەرداون و وێرانییان کردووە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیەوە کۆچەرە شاخەوانەکان و هۆزە کوچەرەکان سەرکوت بکەن"[40]. گۆڕینی ئایین، راگواستنی بەزۆر و تەنانەت تێکەڵاویی خوێنی بەشێک لە کورد لەگەڵ داگیرکارانیدا، نەیتوانیوە روخساری نەتەوەیی ئەم گەلە بگۆڕێ.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش کە ئێستا بەشێکە لە ئێران، کورد روخساری نەتەوەیی خۆی بەتەواوی پاراستووە. چاوەڕوان دەکرا کە نزیکایەتیی زمانی کوردی و فارسی، فارسیزاسیۆنی زمانی کوردی لێکەوتباوە، بەڵام ئەوەش رووی نەداوە. لاوازیی بەردەوامی دەسەڵاتی نێوەندیی لەسەردەمی سەدەکانی نێوەڕاستدا لە ئێران (لە زۆربەی ناوچەکان تەنانەت دەسەڵات هەر بوونی نەبووە) بەهۆی شەڕە لێنەبڕاوەکان، لەشکەرکێشییەکان، راپەڕینەکان و هتد.، رێگای بە دەسەڵاتدارانی ئێران نەداوە تاکو بەسەر کوردانی ژێر پاوانیاندا (جگە لە ناوچەی کرمانشان) تەنانەت ئایینی حکوٚمەتی خۆیان (کە لە

---

[40] هەمان سەرچاوە. ل. ٤٩. -. نووسەر.

سەرەتای سەدەی ١٦ەوە ئایینی شیعەیە) داسەپێنێ. زۆربەی هەرە زۆری کوردان پەیڕەوی ئایینی سوننەن و کەمایەتییەکی زۆر کەمیش لەسەر باوەڕ و ئایینە نەریتی و تێکەڵکراوە[41] کوردییەکەی خۆیان - واتە ئیزەدیسم هەر ماونەتەوە.

کەوابوو، کوردەکان کە سالانی دور و درێژ و هەرە دژوار و خوێناوی و دەکرێ بڵێین فرە ئاستەمیان لە مێژووی رابردوویاندا بە راگرتن و چەسپاندنی جیاوازی نەتەوەیی خۆیان لە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی نزیکدا تێپەڕ کردووە، توانیویانە ئەو جیاوازییە نەتەوەییەی ئێستا هەیانە بپارێزن و سەقامگێری بکەن و رەوتی روبەگەشەی یەکگرتنەوەی ئێتنۆسی خۆیان بێگەڕانەوە بکەن تا ئەو رەوتە پاش تێپەڕاندی سەدان ساڵ دەگاتە پێکهاتنی نەتەوەی کورد. بەلام گەلی کورد لەم خەباتەدا قوربانی فراوانی داوە.

پێش هەموو شتێک دەبێ بلێین کە کورد هەموو ئەو لکوپۆ ئێتنیکیانەی کە لەسەرەتاوە پێکهاتەی نەتەوەیی گەلی کوردی لەسەر پێکهاتبوو، نەیتوانێوە بیپارێزێ. کوردیش هەر وەک هەموو گەلانی دیکە لە کەونارەوە شان بە شانی نەتەوەکانی دیکە و یان لە گەماڕۆی نەتەوەکانی دیکەدا ژیاوە و لە رەوتی گەشەی نەتەوەیی خۆیدا توشی نەتەنیا کاردانەوەی تێکەڵکردنەوە[42] بووە بەڵکو رووبەڕوی پرۆسەی لێکپرژانیش[43] بووە. فاکتەرە جوڵەهێنەرەکانی لێکپرژانی ئێتنیکی لە لایەک کاردانەوەی تواندنەوەیان هەبووە و لە لایەکی دیکە دژی توواندنەوە کاریگەریان هەبووە.

---

[41] Religious syncretism تێکەڵکردنی دوو یان چەند سیستەمی باوەڕی ئایینی لە یەک سیستەمی باوەڕی ئایینیدا. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[42] Integration -. وەرگێر.

[43] Disintegration -. وەرگێر.

بۆ نمونە لە سەرچاوەی سەرەکی مێژووی سەدەکانی نێوەڕاستی کورد لە کۆتایی سەدەی ١٦، واتە "شەڕەفنامە"ی شەڕەفخانی بتلیسیدا ئاماژە بە ٤ کۆمەڵی کورد کراوە (کرمانج، کەلهۆر، گۆران و لۆر) کە بەپێی زمان و دابونەریت جیاواز بوون، بەڵام بەیەکەوە پێکهێنەری گەلی کورد بوون[44]. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات کرمانج بە سەرۆک ماڵباتە کوردە پڕ ئاپۆراکان دەگوترا، هەروەها وردە وردە ئەم دەستەواژەیە دوو واتا پەیدا دەکات: یەکەم بۆ هۆزە کوردەکانی باکوور و رۆژاوای کوردستان و دووەم بۆ زاراوەیەکی زمانی کوردی کە لەو ناوچەیە بەکار هاتووە. بەڵام "کەلهۆر" و "گۆران" دەبێتە ناوی دوو هۆزی مەزن و یەکگرتووی باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کە پاشانیش بە گەلێک هۆزی دیکە دابەش دەبن. لێرەدا پێناسەکردنی راستەوخۆ و بێمەرجی لۆڕەکان کە لە کەنارەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەژین و بەتایبەتیش بەختیارییەکانی نزیک لە لۆڕەکان، بەکوردبوون، جێگای گۆمانە. چونکۆ نزیکایەتی ئێتنیکی ئیتر بەمانای یەکسانی ئێتنیکی نییە.

سەبارەت بە نزیکایەتی ئێتنیکی کورد، لۆر و بەختیارییەکان گەلێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە رەوتی گەشەی ئێتنیکی، مێژوویی-کولتووری و زمانەوانی لەبەر دەست دان. لەسەر ئەم بنەمایانە نەرێتێکی مێژوویی داڕێژراوە کە لۆر و بەختیارییەکان لەگەڵ کوردەکان یەکسان دەکات، بەڵام لەنێوان لۆر و بەختیارییەکاندا هێندێک جیاوازیی زۆرلاوازی ئێتنۆگرافی بەدی دەکرێ[45].

---

[44] شەڕەفخان بن شەمسەدین بتلیسی. شەڕەفنامە. بەرگی ١. چاپی مۆسکۆ، ١٩٦٧، ل. ٨٢. -. نووسەر.

[45] بۆ نموونە پڕوانە: Les Kurdes et le Kurdistan, Paris, 1978, c. 158 هەروەها

هاوکات لە نێوان کوردەکان لەلایەک و لۆڕەکان و بەتایبەت بەختیارییەکاندا لە لایەکی دیکە، جیاوازییەکی جیددیی زمانی (زاراوەی لۆڕی و بەختیاری لە فارسی نزیکە)، کولتووری (ئاستی گشتی کولتووری لۆڕەکان و بەختیارییەکان هێندێک نزمترە لە کورد) و ئایینی (پرانی لۆڕ و بەختیاری پەیڕەوانی توندوتیژی شیعەن، کەمایەتییەکیش لە ئایینی عەلی ئۆلاهیی یان ئەهلی حەق) هەیە. لەهەمووان گرینگتریش، لۆڕ و بەختیاری ئەگەرچی گەلێکجار لەپێناو بەرژەوەندی و مافی خۆیان راپەڕینی چەکداریان کردووە، بەڵام لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا بەشداری بەرچاویان نەبووە. هەموو ئەمانە دژی یەکسان هەژمارکردنی بێمەرج و راستەخۆی ئەو دوو گەلە لەگەڵ کورد دەژمێردرن. بەڵام ناشێ بەتەواویی لەرووی ئێتنیکییەوە ئەم گەلانە لێک جیابکەینەوە[46].

---

.Vanly I. Ch. Le Kurdistan Irakien Entite Nationale, Neuchatel, 1970, c. 30-31
لە گشت ئەو نەخشانەی لەلایەن ناسیۆنالیستە کوردکان چاپکراون، هەرێمی بەختیاری و لۆرستان لە ئێران وەک بەشێک لە کوردستان و بەدەگمەن وەک پانتایی ئێتنیکی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە. -. نووسەر

[46] لە لای لێکۆڵەڕانی رۆژاواییدا، بەشداری نەکردنی لۆڕەکان لە بزووتنەوەی کورد وەک سەرەکی‌ترین پێوەر بەکار دێت بۆ جیاوازیدانان و جیاکردنەوەی لۆڕ و کورد. بۆنموونە پڕوانە: Derk Kinnane. The Kurds and Kurdistan. L. 1970, c.2. توندترین بۆچوون سەبارەت بە بەختیارییەکان ب. ب. تروبێتسکی هەیەتی: "... کوردەکان و بەختیارییەکان دوو گەلی جیاوازن، نە لەرووی زمان و نە رووی ژیان و نە رووی روخسارەوە هاوشێوەی یەکتر نیین" (ب.ب. تروبێتسکی. بەختیارییەکان- هۆزە کۆچەر و نیشتەجێبووەکانی ئێران، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل. ٢٥-٢٦). بەڵام هەر لێرەدا ب.ب. تروبێتسکی ئاماژە بە نزیکایەتی ئێتنیکی لۆڕەکان و بەختیارییەکان دەکات. ل.٢٥، ٢٧. و هەروەها دەڵێ بەپێی گشت پێوەرە ئێتنیکییەکان لۆڕ و کورد لێک نزیکن بەشێوەیەک کە زنجیرێکی نەپساوی ئێتنیکی پێکدێنن، کورد- لۆڕ- بەختیاری. بەڵام ب.پ. نیکیتین هێندێک بە پارێزەوە دەڵێ: "لە رووی زمانەوە، لە رووی هێندێک لایەنی دیکە و لە رووی ئایینەوە (شیعە، عەلی ئۆللاهی) ئەو کوردانەی باشووری رۆژهەڵات (واتە، لۆڕەکان و بەختیارییەکان.-. لازارێڤ) جیاوازییان هەیە لەگەڵ کۆمەڵانی دیکەی هاوشیوەیان، بەڵام لەرووی رەگەزییەوە [نیژاد] خۆیان وەک ئەوانی دیکە دەناسێنن" (نیکیتین. کوردەکان. مۆسکۆ، ١٩٦٤، ل. ٩٣). هەبوونی خۆئاگایی ئێتنیکی هاوبەش لە لای بەشێک (دژوارە بڵێین کام بەشیان) لە کوردەکان و لۆڕەکان، رێگامان پێدەدات پرسی کوردبوونی لۆڕەکان و یان بەپێچەوانە [لۆڕبوونی کوردەکان] وەک پرسێکی واڵا بهێڵینەوە. -. بووسەر.

لەرووی نمونەی لۆڕەکان و بەختیارییەکان تێدەگەین کە ڕەوتی ئێتنۆ-ناسیۆنالیستی لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە دژواریی و ناتەبایی تێدابووە، کاتێک بەدرێژایی گشت مێژووی بەرچاومان ململانی دوو ڕەوتی ناتەبا و دژبەیەکی، تێکەڵکردنەوە و لێکپڕژان چ لەئاستی تەواوی سۆپەر ئتنۆسی کورد لەسەرەتاوە و چ لە نێو خۆدی ئەو گەلانەی لەسەرەوە ناومان بردن، بەردەوامی هەبووە. ڕۆانگەی هاوچەرخ باوەڕی بە جیاوازی ئێتنیکی نێوان کورد – لۆڕ - بەختیاری هەیە، پێشبینیی چۆنێتی ڕەوتی ئێتنۆ - ناسیۆنالیستی ئەم زنجیرە لە داهاتوودا زۆر دژوارە. هەڵبەت ناکری ئەگەری تواندنەوەی لۆڕەکان و بەختیارییەکان نەتەنیا لەنێو کوردەکان، بەڵکۆ لەنێو فارسەکان لەپێشچاو نەگرین. بەڵام ڕەوتێکی پێچەوانەش دەتوانێ ڕاست بێ، خۆدی ئەو گەلانە بتوانن جیاوازیی ئێتنیکی خۆیان سەقامگیر بکەن. ئەم ئەگەرانە بەچ شێوەیەک وەڕاست دەگەڕێن، پەیوەندیی هەیە بە پێکەوە یەکگرتنەوی گەلێک فاکتەری لێکجیاواز کە لە ڕۆانگەی هەنووکەیدا لەگەڵ یەکتر ناگونجێن.

شتێک گۆمانی تێدا نییە: ڕەوتی ئێتنۆ – ناسیۆنالیستی لەم ناوچەیەی کوردستاندا بەگوڕوتینەوە درێژەی دەبێ و ئاراستەکەی بەرهەمێکی سیاسی و مێژوویی گەلێک گرینگی لێدەکەوێتەوە. لێرەدا تەنیا ئەوە وەبیر دەخەینەوە کە لۆڕەکان و بەختیارییەکان لە ناوچەیەک دەژین کە یەکێک لە نێوەندە هەرە گرینگەکانی ژێئۆئابووری جیهانە کە کەنداوی فارس و کێلگە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی ئەم ناوچەیە دەگرێتەوە.

هەروەها لە هەرێمە کەنارییەکانی دیکەی ناوچەی کورد[47] رەوتی ئێتنۆ – ناسیۆنالیستی بەشێوەیەکی کارا بووژاوەتەوە. بەتایبەت لەنێو پێکهاتە تورکەکاندا کە لەسەردەمی هێرشی سەڵجووقییەکانەوە (سەدەی ١١) جموجۆڵی کارایان هەبووە. کوردەکان، لەگەڵ ئازەربایجانییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ تورکۆمانەکان (پاشماوەی هۆزە تورکمەنەکان لە باکووری رۆژاوای ئێران، باشووری عێراق و باشووری رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی لە کۆتایی سەدەی ١٤ تا سەرەتای سەدەی ١٦ لەسەردەمی حۆکمڕانییە تورکمەنەکانی "بەرانە ڕەشەکان" قاراقوینلوو و "بەرانە سپییەکان" ئاق قوینلوو)، لەگەڵ تورکانی عۆسمانی لە رۆژهەڵات و نێوەڕاستی ئاناتۆلی و هەروەها هێندێک لە هۆزە کوردە یاخییەکان کە لە سەرەتای سەدەی ١٧ەوە پاش گواستنەویان لە لایەن شا عەباسەوە بۆ خۆراسان لەگەڵ تورکمەنەکانی خۆراسان راستەوخۆ بوونەتە هاوسێ. هەروەها بەدرێژایی دەیان سەدە لە پانتایی سەرزەمینی نیشتەجێبوونی کۆمەڵانی سەرەکی کوردان لە کوێستانەکانی ئەرمەن-کورد لە نێوان کوردان و مەسیحییە خۆجییەکانی ئەم ناوچەیە واتە ئەرمەنەکان و بەشێک لەو ئاسۆریانەی کە میراتگری سەردەمە کەونارەکانی ناوچەکەن، پەیوەندییەکی چڕوپڕ سازبووە.

"دان و ستانی کولتووری"[48] لەنێو گەلانێک کە بە هاوبەشی دەژین، دیاردەیەکی بەردەوامی پرۆسە ئێتنیکییەکانە و لەتەواوی گۆی زەویدا دەبیندرێ. کورد، کام یەک لە پێناسە ئێتنیکییەکانی لە هاوسێکانی

---

[47] "لەسەر واقیعی سیاسی هەنووکەیی ناوچەی کورد بەربڵاوتر و پەلکێشی پانتاییەکی بەرفراوانتر" دەکات لە چوارچێوەی جوگرافی کوردستان. م. س. لازاریف، ناوچەی کورد، ل. ٩ بەکوردی. -. وەرگێڕ.

[48] Acculturation -. وەرگێڕ.

وەرگرتووە و یاخود کامیانی بەوان داوە، ئەوە بابەتی لێکۆڵینەوە تایبەتەکانی ئانترۆپۆلۆژی، کولتوورۆلۆژی و زمانەوانییە کە گەلێک پێچوپەنای هەیە و ئەرکێکی فرە زەحمەت و کارهەڵگرە. دەبێ بڵێین کە تایبەتمەندی ئەم رەوتە بۆ کورد بریتییە لە ئەسپایی رێژەیی پەرەسەندنی ئەو رەوتە و درێژخایەن بوونی کە ئەوەش پەیوەندی بە بناخە پتەوەکانی "ئێندۆگامی"[49] خێڵاتییەوە هەیە.

بۆیە بە پێوەری رەگەزی-ئانترۆپۆلۆژییەوە کوردەکان بەگشتی هاوچەشنن[50]. بەڵام بەپێی گشت پێوەرەکانی دیکە، پێناسەکردنی راستەوخۆ و بێمەرجی رەگ و رایەڵەی سەرەکی ئێتنیکی کورد لە راپردوو تا ئێستا، دەتوانێ جێگای پرسیار بێ.

ئەوەش پێش هەموو شتێک بۆ پێناسەی بنەڕەتی ئێتنیکی، واتە بۆ زمان دەگەڕێتەوە. لە رەوتی پێکهاتن و سەقامگرتنی ئێتنۆسی کورددا، زمانی کوردی وەک هەموو زمانە زێندووەکانی هاوچەرخ، بێگۆمان گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بەڵام تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆی پاراستووە لەهەمان کاتدا زمانێکی یەکگرتوو، تەواو و نۆرماتیف[51] نییە. دوو زاراوەی سەرەکی هەیە کە بۆتە باو، زاراوەی باکوور و باشووری پێدەڵێن و هەرکامیان لە چەندین شێوەزاراوە (کوردی باشوور دابەش دەبێ بە نێوەندیی و باشووری) و لە دوو زمانی وێژەیی، زاراوەی باکوور-کرمانجی و زاراوەی باشوور-سۆرانی پێکهاتوون.

---

[49] Endogamy شێوازی هاوسەرگیریی لەچوارچێوەیەکی تەنگ و دیاریکراوی کۆمەڵایەتی یان ئێتنیکیدا. بۆنموونە هاوسەرگیریی لەنێو یەک هۆزدا. ویکیپێدیا. وەرگێر.

[50] Homogeneous -. وەرگێر.

[51] Normative -. وەرگێر.

ستروکتوری زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاستدا هاوشێوەی نییە. وا دیارە کە ئەم ستروکتورە گشت مێژووی ئاڵۆز و پڕ لە گۆڕانکاریی لەدایکبوون، پێکهاتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئێتنۆ-ناسیۆنالیستی کورد، مێژووی چڕوپڕی سەدانساڵەی هاوپەیوەندیی لەگەڵ گەلانی خاوەن زمانی دیکە دووبارە زیندوو دەکاتەوە، ئەویش لە کاتێکدا کە هەموو گەلی کورد بەهۆیەکی سەرەکی، واتە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی خۆیان نەیانتوانیوە بەستێنی سەرەتایی زمانی خۆیان بپارێزن تاکوو دوواتر گەشە بکات و ببێتە تاقە زمانی نەتەوەییان بە یەک شێوازی نۆرماتیڤی وێژەییەوە.

دەکرێ زمانی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردی بەشێوەیەکی گشتی بە زمانێکی دوو پێکهاتەیی پێناسە بکەین، بەڵام ئەم پرسە لەڕاستییدا زۆر ئاڵۆزترە. لە سیستەمی هەنووکەیی زمانی کوردیدا، لەڕاستیدا چەندین زاراوەیی، بوونی هەیە کە کۆمەڵانی میلیونی کورد تەنیا بۆ ئاخافتن بەکاری ناهێنن، هێندێک لەم زاراوانە (بەتایبەت گۆرانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) نەریتێکی وێژەیی تایبەت بەخۆی هەیە. زاراوە سەرەکییەکان لە فۆلکلۆری فرە فرە دەوڵەمەندی کوردیدا دەردەکەون. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بێت کە هێندێک لە کوردناسە زمانەوانەکان، ئەم زاراوانەی کوردی، وەک زازایی (دێملی، دومێلی) و هەروەها زاراوەی لێ نزیکی گۆرانی، بە زمانێکی سەربەخۆ هەڵدەسەنگێنن و هێندێکی دیکەشیان بەتۆندیی دژی ئەم بۆچوونەن[52]. بێگۆمان ئەم مشتومڕە تا ڕادەیەک زەمینەی سیاسی

[52] ڕوانە: ک. پ. ئەیوبی، ئی. ئا. سمیرنۆڤ. زاراوەی کوردی موکری. چاپی لێنینگراد ١٩٦٨. هەروەها: ئی. ئا. سمیرنۆڤ، ک. پ. ئەیوبی. زاراوەی کوردی زازا (دێرسیم). چاپی مۆسکۆ ١٩٩٨، هەروەها: ز. ئا. یۆسوپۆڤا. زاراوەی کوردی گۆرانی بەپێی یادگارییە وێژەییەکان لە

هەیە. خۆمان تێکەڵی ئەم مشتومڕە ناکەین و دەکرێ پێشبینی بکەین کە سیستەمی زمانی نەتەوەیی کوردی لە راستیدا و بە تایبەت لە ئاسۆی پەرەسەندە چاوەڕوانکراوەکەیدا، نە بەرەو ستروکتورێکی دووزمانی پڕوات، بەڵکوو رەهەندێکی فرە ئاڵۆزتر لەخۆی بگرێ.

کەوابوو، گەیشتنی کوردان لە بواری زماندا بۆ قۆناخی یەکگرتوویی تەواو (مەبەست کەمخوێندەوارەکان و هەموو ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن)، هێشتا زۆر زوویە. بۆ ئەم کەسانە، یەک زمانی نۆرماتیڤ کە لێک تێگەیشتنی هاوبەش لەنێو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و لە سەرتاسەری پانتایی کوردستاندا دابین بکات، بوونی نییە. لێرەدا کوردەکان وەپاش عەڕەبەکان کەوتوونەتەوە. لەنێو عەڕەبەکاندا لەکەنار زاراوەی هەریەک لەوڵاتەکانیان کە هێندێکیان زۆر لەیەکتر جیاوازن، زمانێکیان لە سەر بنەمای زمانی رێکخراوی عەڕەبی کلاسیکی (زمانی قورئان) بۆ ئامرازەکانی گشتی راگەیاندنی هاوچەرخ دامەزراندووە. لەنێو کورداندا تێگەیشتنێکی هاوچەشن گەلێک لاوازە و تەنیا لەنێو توێژە خوێندەوارەکاندا دەبیندرێ.

لە گۆڕەپانی ئێتنیکی کوردیدا دووزمانی و تەنانەت چەند زمانی دیاردەیەکی بەرچاوە، ئەوەش تەنیا لەنێو کەسانی خوێندەواردا نییە، بەڵکوو لەکاروباری رۆژانەدا جگە لەزانینی دوو زمان (زاراوە)ی سەرەکی کوردی، بەکار هێنانی زمانەکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین و هەروها زمانە روژاواییەکان (ئەمە بۆ کوردانی تاراوگە ئاسایی‌یە) زۆر دەبیندرێ. لەنێو کوردانی تاراوگەدا تواندنەوەیەکی زمانی-کولتووری

---

سەدەکانی ١٨ تا ١٩، چاپی سانکت پێترزبۆرگ ١٩٩٨، هەروەها: . ئا. سمیرنۆڤ، ک. پ. ئەیوبی. ریزمانی مێژوویی-زاراوەناسیانەی زمانی کوردی. چاپی سانکت پێترزبۆرگ ١٩٩٩، هەروەها: پ. ل. تسابۆلۆڤ. بۆچوونێکی زمانەوانی لەسەر کێشەی پێکهاتنی زمانی کوردی // ساڵنامەی کوردی. بەرگی ١. چاپی مۆسکۆ ٢٠٠١، ل. ١٥٠- ١٥٨.

بەبەربڵاو دەبیندرێ و لە "دان و ستانی کولتووری"دا بەتەواویی ڕەوتی لەبیرکردنی زمانی دایک و دابونەریت و کەسایەتیان جێگیربووە و نەتەنیا لەبواری ژیانی ڕۆژانەدا بەڵکوو لە داهێنانە هونەرییەکانیشیاندا کەڵک لە زمانە بیانییە روژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان وەردەگرن. ئەو ڕەوتە بەتایبەت لەنێو گەنجاندا بەرچاوە.

بەکۆرتی، بنەمای زمانی بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتووانە و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی لە ئاست گشت کوردیدا، هێشتا بناخەیەکی پتەوەی پەیدا نەکردووە، دەستکەوتەکان لەم بوارەدا زۆرتر ئاڕاستەی پارتیکولیارییان هەیە. بۆ نمونە هەولێکی بەرچاو هەیە بۆ سەقامگیرکردنی زاراوەی سۆرانی لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرجار بە دەستکەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم ناوچەیە دادەنرێ. وادیارە کە لە داهاتووشدا لەسەر ڕەوتی یەکگرتنەوە لە پانتایی ئێتنیکی کوردستاندا، کاردانەوەی سەروەری و باڵادەستی فاکتەرە سیاسییەکان هەر بەردەوامی دەبێ.

## چەمکەکانی دێمۆگرافی کۆمەڵگا[53]

چەمکەکانی دێمۆگرافی کۆمەڵگا کە راستەوخۆ یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی بەتایبەت پرسی نەتەوەییش پێکدێنی، فاکتەرێکی تایبەت و لە رووی چەندایەتی، گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە پێکدێنێ. بۆ ئتنۆسەکان و لە پلەی یەکەمدا ئەو ئتنۆسانەی کە "titular"[54] نیین، هەژماری رێژەیی و رەهایان تا رادەیەکی یەکجار زۆر هەلۆمەرجی نێوخۆیی و رادەی ئاڵۆزیی پرسی نەتەوەیی ئەو وڵاتە، دیاریدەکات. لەم پەیوەندییدا، نەخشەی دێمۆگرافی کوردستان بەتایبەت سرنجراکێش دەبێت.

کورد یەکێک لە ئتنۆسە مەزنەکانی باشووری رۆژاوای ئاسیایە، بەپێی ژماردنێکی سەرەتایی، هەژمارەیان پتر لە ٣٠ میلیون دەکات[55]،

---

[53] Sociodemographic

[54] Titular Ethnoc (Nation) ئەو ئێتنۆسەی (نەتەوەیەی) ناوەکەی، ناوی وڵاتەکەی پێکدێنێ. ویکیپێدیا. -. ورگێر.

[55] کوردستان – ٩٨ // [گۆڤاری] ئاسیا و ئەفریقای ئیمرۆ. ١٩٨٨، ژماری ٢، ل. ٢. بەهۆی نەبوونی ئامارێکی بنەڕەتی زانستیانە و جیگای باوەڕ، هەموو ئامارەکانی بەردەست سەبارەت بە کورد و کوردستان بەتایبەت بەراوردکارانەن. ئەو ئامارە فەرمیانەش کە لەبەردەستدان، هەموویان رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتێکی شۆڤێنیانەن لەهەمبەر کوردەکانی پێوە دیارە. بۆیە چ لە نووسراوە بابەتییەکان و چ لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا، خوێنەر زۆرجار لەگەڵ جیاوازییەکی گەلێک زەق بەرەوروو دەبێتەوە. -. نووسەر.

لەرووی ژمارەوە پاش تورک و عەرەب دێن و هێندێکش زۆرترن لە فارس. ئەم ژمارەیە ئاپۆرای سەرەکی کوردستانی ئێتنیکی و هەروەها کۆمەڵانی زۆری کورد لە تاراوگە (نزیک ١،٥ میلیون)[56] لە رۆژهەڵاتی نزیک و کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و رۆژاوا و رۆژهەڵاتی ئورووپا و کیشوەرەکانی دیکەی گۆی زەوی پێکدێنێ. بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان، ئاپۆرای کورد زۆر بەخێرایی پەرەدەستێنێ. لەم بارەدا دەکرێ بە ژمارەی ئاپۆرای کورد لەو ناوچانە پشت ببەستین کە لە نووسراوە کوردییەکاندا بەکوردستان دەیانناسێنن (وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد هێندێک لەم بۆچونانە جێگای پرسیارن) و رێژەیان لەنێوان سالانی ١٩٢٥- ١٩٩٥ بە پری ٧ قات زیادی کردووە (لە ٤،٤ میلیون گەیشتووتە ٣١ میلیون). ئەم پەرەسەندنە بێوێنەیە رادەیەکی فرە بەرزی زاوزێ پێشان دەدات (بەرێژەی مامناوەندیی ٢،٨٪). لە کوردستاندا ئتنۆسی دیکەش دەژین، بەڵام رادەی وەها بەرزی زاوزێ تەنیا لەنێو کورداندا دەبیندرێ، ئەوەش بۆ گەلێک تایبەتمەندی لە پەیوەندییە نەریتییەکانی ماڵباتی و هاوسەرگیریی کوردان دەگەڕێتەوە. فرە منداڵداری وەک "کاردانەوەی گەلە لەبەرامبەر رادەی زۆری مردن لەتەمەنی کەمدا و هەروەها لەهەمبەر رادەی زۆری کوژراوانە بەهۆی شەڕ و پێکدادانە بەردەوامەکان کە لە دژی دانیشتوانی ئەم وڵاتەدا بەڕێوە چوون".[57]

---

[56] س. مۆللا. هێندێک کێشەی دیاسپۆری کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا // بارودۆخی هاوچەرخی کێشەی کورد (کۆری زانستی). چاپی مۆسکۆ، ١٩٩٥، ل. ١١٢. -. نووسەر.

[57] گ. ئی. عەبدوللا. کوردستان، ل. ١١-١٢. -. نووسەر.

ڕێژەی "چڕیی دانیشتووان"[58]ی کوردستان بەپێی دووایین ئامار کە کۆنیشە، ٤٥ کەس لە هەر کیلومێترێکی چوارگۆشەدایە و ئەم ڕێژەیە ئاستێکی مامناوەندیە[59] لە ئاسیادا. بەڵام بە لەپێشچاوگرتنی شاخاویی بوونی کوردستان کە بۆتە هۆی نەگونجاویی بەشێکی زۆر لە پانتایی ئەم وڵاتە بۆ ژیانی بەردەوام، ئەم ڕادەیە گەلێک بەرزتر دەبێ. ئەم ڕێژەیە، کورد و هەموو ئەو گەلانەش دەگرێتەوە کە لە کوردستاندا دەژین.

ئەمە دۆخی دێمۆگرافی گشتی ناوچەی کورد پێکدێنێ کە لە کەنار ژیانی هاوبەشی ئێتنۆسەکانی دیکە (تورک، عەڕەب، فارس، ئازەربایجانی، ئاسۆری و هتد.) بەرادەی پتر لە ٧٦٪[60] بێگۆمان باڵادەستی ڕێژەی هەژماری کورد مسۆگەر دەکات. لێرەدا دیسان دووپاتی دەکەینەوە کە کورد مەزنترین ئێتنۆسی سەر گۆی زەوییە کە بێبەشکراوە لە مافی دانپێنراوی نێونەتەویی بۆ چارەی خۆنووسین لەشێوازی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا. ئەم ڕێژەیە ئەگەرچی تەنیا ژمارەیەکی چەندایەتی پێشاندەدات، بەڵام کاتێک لەگەڵ دۆخی زۆر گرینگی ژێئۆپۆلیتیکی و ژێئۆئابووری و ژێئۆستڕاتێژیکی کوردستان لە ڕۆژاوای ئاسیادا لێکدەدرێتەوە، گرینگییەکی گەلێک مەزن و سەرەکی پەیدا دەکات. پڕ هەژماربوونی ئێتنۆسی کورد کە زۆربەی هەرە زۆریان دانیشتووانی خۆجێیی و کەوناری نیشتمانەکەیان پێک دێنێ، هەمیشە چەکێکی بەهێزە بەدەست ناسیۆنالیست و

[58] papulation denisty

[59] و گ.ئی. عەبدۆڵلا، کوردستان، ل. ١٦-١٧. Les Kurdes et le Kurdistan, paris, 1978, p. 72, دیارە ئەمە ئامارێکی زۆر بەراوردکارانە و مامناوەندییە و لە ڕاستیدا ڕێژەکە گەلێک لەمە زۆرترە. -. نووسەر.

[60] گ.ئی. عەبدۆڵلا، کوردستان، ل. ١٩. -. نووسەر.

نیشتمانپەروەرانی کورد بۆ بەرزکردنەوەی داخوازە رەواکانیان سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی کورد لەسەر پانتایی تەواوی ئەو سەرزەمینەی کورد تێدا دەژی. ئەگەرچی وەدی هاتنی ئەو ئاواتە هەمیشە دوور بووە لە دۆخی راستەقینە، بەڵام مانەوەی ئەم ئاواتە بەشێکی جیانەکراوەی عەقڵیەتی نەتەوەیی کوردی پێکهێناوە.

نەخشەی دێمۆگرافی کۆمەڵگای کوردستان بەبێ ئاماژەکردن بە ستروکتوری نێوخۆیی حەشیمەتەکەی و جووڵە و تەوژمی ئەم ستروکتورە، ناتەواو دەبێت. بەربڵاویی و جێگیربوونی خەڵک لەسەر ئەم نەخشەیە هاوسەنگ نییە و گەلێک گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و لەژێر کاردانەوەی کارەسات و تۆفانە سیاسییەکاندا دووبارە پێکهاتووتەوە. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم گۆڕانکارییانە کە بریتییە لە راگواستنی زۆرەملانەی کۆمەڵانی بەرچاوی خەڵک بەهۆی شەڕکان و هۆکارە سیاسییە نێوخۆییەکان و هۆکارە ئابوورییەکان واتە لەژێر گوشاردا، بۆتە دیاردەیەکی سرووشتی و گەلێکجاریش دیسان دووپات بۆتەوە. دەرئەنجامی ئەم کردەوانە، بەردەوام ناهاوسەنگی دانیشتووانی ناوچە جیاوازەکانی وڵات و گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکانی لێکەوتووتەوە.

ئەم رەوتە بەتایبەت لە ماوەی ١٠٠ تا ١٥٠ساڵی راپردوودا بەشێوازێکی خێرا روویداوە و لەژێر کاردانەوەی شەڕە لێنەپراوەکان، راپەڕینەکان، کۆمەڵکوژییەکان و راگواستنەکاندا نەخشەی ئێتنیکی ناوچەکە روخسارێکی بەتەواوی جیاوازی پەیدا کردووە. لەرووی ئێتنیکییەوە وڵاتی کوێستانی لە بەشی تورکیادا، ناوێک کە زۆربەی

ژێئۆگرافان بۆ زنجیرە کوێستانەکانی ئەرمەن-کورد بەکاری دێنن، بەگشتی هاوسەنگ دەبێ و بەگشتی دەبێتە ناوچەیەکی تەواو کوردی. تا قۆناخی هاوچەرخ، نزیک بە تەواوی توێژی ئێتنیکی مەسیحی (ئەرمەنەکان و ئاسۆرییەکان) لەم ناوچەیە پاک دەکرێنەوە. سەبارەت بە کەمینەی موسوڵمان (تورکەکان، تورکۆمانەکان، ئازەربایجانییەکان، فارسەکان، عەڕەبەکان و هتد.) دیارە هەم نەیانتوانیوە پێگەی پتەوی پێویست بۆ داسەپاندنی خۆیان بەدەست بێنن و هەم نەیانتوانیوە جێگە بە زۆربەی دانیشتووانی کورد لەم ناوچەیە تەنگ بکەن.

پێگەی خۆدی کوردەکان وەک دانیشتوانی خۆجێیی و میراتگرانی سەرەکی کوردستان لە تەواوی مێژووی دوورودرێژی خۆیان تا قۆناخەکانی ئەم دوواییانەشدا، قەت سەقامگیر نەبووە و تووشی گەلێک گۆڕانکاری بۆتەوە. لەم بارەدا کوردان لەو ناوچانەی کە یان بە هاتونەهات بوونەتە هاوسێی هێندێک پێکهاتەی ئێتنیکی دیکە و یان بەگۆلبژێریی لە نێوانیاندا ژیاون، بەزەحمەت باڵادەستی بەرچاویان وەدەست هێناوە.

جێگۆڕکەی کۆمەڵانی کورد، واتە سەقامگیرنەبوونیان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ناوچە تێکهەڵچوونەکاندا، لەرووی ناچاریی بووە و گەلێک کاردانەوەی بەرچاوی ئابووری و سیاسی لێکەوتووتەوە. کورد هەمیشە و پتر لە هەموو شتێک ئازاری لە سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان چێشتووە کە لە رابردوو لەبەرامبەر هۆزە نافەرمانەکاندا دەستبەجێ شێوازی راگواستنی زۆرەملانەیان بەکارهێناوە. لەم سەردەمەشدا همدیسان

بۆ چارەسەریی پرسی کورد دەسەڵاتداران دەستیان لەو شێوازە کۆن و توندوتیژە هەڵنەگرتووە. سیاسەتی راگواستن بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام بەکارهاتووە، بەتایبەت لە بەرامبەر کوردانی تورکیا و عێراقدا کە هەمیشە لەدژی سەرکوتکارییەکاندا لە راپەریندابوون. ئەمەش سەرەکی‌ترین هۆکار بووە بۆ کەمبوونەوەی سیستیماتیکی هەژماری کورد لە نیشتمانی مێژوویی خۆیاندا و پێکهاتنی دیاسپۆری کورد لە وڵاتانی دەرەوەدا.

هۆکارێکی دیکەی ئەم دیاردەیە بریتییە لەو بەستێنە ئابوورییە هاوچەرخەی کە بەگشتی لە ئاڕادایە. لاوازیی گەشەی ئابووری لە ناوچە پەرتەوازەخراوەکانی ئەو وڵاتانەی کە کورد تێدا دەژین، هاوکات لەگەڵ بێ بەشکردن و سووکایەتی نەتەوەیی، کوردی رووبەڕووی چارەنووسێکی بەردەوام لە پاشکەوتوویی و نەداری کردووتەوە. لیرەدایە کە هۆی کۆچکردنی کورد و مەیلی بۆ گۆڕانکاری لە ژیانیدا و رووکردنی بەرەو شوێنە ئارام و پڕپیتەکان دەردەکەوێ. لەسەرەتادا ئامانجی ئەم کوچکردنانە ناوچە زۆرتر پێشکەوتووکانی وڵاتانی دابەشکەری کوردستان دەگرێتەوە (شارە گەورەکان و ئەو ناوچانەی کە بەهۆگەلی جیاواز لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتنی سەردەمیانەیان وەدەست هێناوە). پرانی کۆچی "نێوخۆیی" کوردان بەرەو ناوچەکانی روژاوای تورکیا بووە.

پاشان لە نێوەی دووەمی سەدەی رابردوو، ئاڕاستەی شەپۆلی کۆچبەرانی کورد بەرەو دەرەوەی وڵات و بەشێوەیەکی سەرەکی، بەرەو وڵاتانی ئورووپای روژاوا کە خەریکی گۆڕانکاری و بووژانەوەی ئابووری خۆیان بوون و پێویستیان بە هێزی کاری بێ ئەزموون و هەرزان

هەبوو، دەگوردرێ. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووکانی روژاوادا دیاسپۆرێکی سەقامگرتووی کورد پێکدێت کە ئاڵمانیا و فەڕانسا زۆرترین رێژەیان لەخۆ دەگرن (پتر لە ٥٠٠ هەزار لە ئاڵمانیا و ١٠٠ هەزار لە فەڕانسا). کۆچی کورد هەروەها بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا و ئۆسترالیاش دەست پێ دەکات[61].

رەوتە دێمۆگرافییەکانی[62] نێو کوردانی دیاسپۆر، بەشێوازی جیاواز روویان داوە. ئەم رەوتە لە نێو دیاسپۆرای کۆنی کورد کە لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە لە ناوچەکانی نزیک لە کوردستانی مێژوویی جێگیر بوون (لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و لە باشووری قەفقاز)، مەند بووە[63]، ئەگەر لە زیادبوونە سرووشتییە نێوخۆییەکەی چاوپۆشی بکەین، هەژماری زیادی نەکردووە. بەڵام بەپێچەوانە، دیاسپۆرای نوێ کە لە رۆژاوا جێگیربوون، بەهۆی کۆچبەرە سیاسی و ئابوورییەکان لە تەواوی کوردستانەوە، هەڵکشانێکی زۆر خێرای پەیدا کردووە. لاوانی کورد زۆربەیان بە خوێندنی مامناوەندی، بەهیوای درێژی پێدان لە خوێندنی باڵای رۆژاوایی و وەدەستهێنانی پسپۆریی ئاست بەرز، روویان لە دەرەوەی وڵات کردووە و هەروەها کەسانی بەتەمەنیش، زۆربەیان خێزاندار، بەهیوای وەدەستخستنی کار لە کەرتە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان و لە ئابووری شار و کەرتی هاتوچوودا، بەرەو ئەم وڵاتانە کۆچیان کردووە. تەواوی ئەو کۆمەڵە کەسە کەم بەهرە لە پسپۆرییە کە روویان لە روژاوا کردووە، جا چ رەوا و چ ناڕەوا، تەنیا لە

[61] م.س. لازاریف، دیاسپۆری کورد (لێکدانەوەیەکی سۆسیۆپۆلیتیکی) // مۆسڵمانان لە روژاوا (کۆوتار). چاپی مۆسکۆ ٢٠٠٢، ل. ٩٧. -. نووسەر.

[62] Demographic process

[63] Demographic stagnation

ئاستە نزمەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانەدا جێگیر بوون. بۆیە دیاسپۆری کورد لە رۆژاوا زۆر بەهاسانی بۆتە سەرچاوەی تێکهەڵچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هۆکارێکیش بووە بۆ پەیدابوونی گەلێک بزووتنەوەی توندوتیژ و مارگیناڵی[64].

بەڵام بەگشتی ناوەندی سەرەکی رەوتە دێمۆگرافییە کاراکان لە نێو بەستێنی ئێتنیکی کورددا، واتە لە کوردستانی مێژووییدا روودەدات کە سەرەڕای جێگۆڕکێی خوازراو و یان زۆرەملانەی کۆمەڵانی خەڵک، دۆخی هاوسەنگی و تاقەگەلی تا رادەیەکی بەرچاو تێیدا سەقامگیرە. خاڵی کوردبوون هەم لە رابردوودا باڵادەستی هەبووە و هەم لەم سەردەمەدا ئەو باڵادەستییەی راگرتووە. زیانی کەمبونەوەی هەژماری کورد بەپێی دیاردەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بەهۆی رادەی زۆری زاوزێ بەشێوەیەکی زۆر بەهێز قەرەبوو دەبێتەوە. تەنانەت لەم دووایانەدا دیاردەیەکی تازەی لە رەوتی دێمۆگرافی کورداندا دەبیندرێ، ئەویش گەڕانەوەیە لە تاراوگە بەرەو نیشتمان. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە هێشتا تەنیا لە ئاستی کوردستانی عێراقدا (باشووری کوردستاندا) و تا رادەیەک بەهۆی دەستکەوتەکانی ئەم دووایانەی بارینی دۆلارەوە دەبیندرێ. بەڵام پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ[65].

حەشیمەتی ئێتنیکی کورد لەسەر نەخشەی دێمۆگرافی رۆژهەڵاتی نزیکدا قورساییەکی فرە بەرچاوی پەیدا کردووە و لە یەک

---

[64] Marginal لە وەشەی لاتینی margo وەرگیراوە بەمانای کەنار، لێوار. مارگیناڵ بەو کەسانە دەگوترێ کە لە لێوارەکانی توێژێکی کۆمەڵایەتی و یان سیستەمێک و یان کولتوورێک هەستاون و هەڵگری دابونەریتێکی دژن لەگەڵ دابوتەریتەکانی ئەو شوێنەی لێی هەستاون. هێندێکجار بەهەڵە بەجێی "لۆمپەن" بەکار دێت. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[65] دیارە ئەو دیاردەیە پاش قەیرانەکانی پێشهاتوو لە باشووری کوردستان، ئاڕاستەیەکی پێچەوانە و تەنانەت ئەمجارە بەلێشاوتر لەهەر سەردەمێکی پێشووتری لەخۆ گرتووە. -. وەرگێر.

ئاستدایە لەگەڵ ئاپۆڕای ئێتنۆسە سەرەکییەکانی ناوچەکە، واتە تورکەکان، عەڕەبەکان، فارسەکان و ئەوانی دیکە، ئەوەش بەنۆرەی خۆی لەسەر ڕەوتە مێژووییەکانی ناوچەکە کاردانەوەی دەبێ. هەر ئێستاش "کێشی تایبەت"ی کورد لە چاو ئێتنۆسەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستان کەوتووتە چوارچێوەیان، گەلێک بەرچاوترە. بەستێنی کوردی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٧٠دا ٢٣،٨٪، لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٥دا ١٦٪، لە عێراق لە ساڵی ١٩٧٥دا ٢٨٪ و لە سووریا لە ساڵی ١٩٧٦، ١١٪ی تەواوی ئاپۆڕای ئەوو وڵاتانەی پێکهێنابوو و هەر ئەو ئامارانە نەخشەی ئێتنۆدێمۆگرافیکی کوردستان بەگشتی پێشاندەدات[66] و تا ڕادەیەکی زۆر دۆخی سیاسی نێوخۆیی لە ناوچەی جێگیربوونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا دیاری دەکات. لەم سەردەمەدا بەهەر بارێکدا لێی بڕوانین ئیتر ناکرێ کورد وەک "کەمایەتی نەتەوەیی" هەڵسەنگێنین. هەر ئەم ڕێژەیەی ئاپۆڕای کورد، قورساییەکی سیاسی بەرچاو دەدات بە خەباتە ڕەواکەی لەپێناو دیاریکردنی مافی خۆسەرییدا، واتە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا.

کێشەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان وەک کێشەیەکی ئێتنۆدێمۆگرافی، بێگۆمان لەو وڵاتانەی کە کورد بەسەریاندا دابەش بووە، بوونی هەیە و تەنانەت، هەم لەو ناوچانەی کە کورد بە

---

[66] بڕوانە: هەڵسەنگاندنی پسپۆڕانەی گ. ئی. عەبدوللا لە لێکۆڵینەوە تایبەتەکەی بەناوی "کوردستان، ئاپۆڕا و دابەشکاری ناوچەیی و یەکەی ئیداری"، ل. ٩٠-٩٢. بەپێی پێشبینییەکان لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئاپۆڕای تەواوی کوردستان (بێ جیاکردنەوەی ئێتنۆسەکان) گەیشتووتە ٣٥ ملیون و ٢٤٧ هەزار کەس و لەوەش، ١٤ میلیون و ٧٤٨ هەزار لە کوردستانی تورکیا، ٦ میلیون و ٣٩٠ هەزار لە کوردستانی عێراق، ١٣ میلیون و ٣٦٨ هەزار لە کوردستانی ئێران و ٧٤١ هەزار لە کوردستان سووریا هەژمار کراوە. بە لەپێش چاو گرتنی ڕادەی گەشەی مامناوەندی ئاپۆڕا، تا ئێستا دەبی ئەو هەژمارە گەیشتبێتە نزیکەی ٤٠ میلیون. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە کورد پتر لە ٣ لەسەر ٤ی هەموو دانیشتوانی کوردستان پێکدێنێ. کەوابوو دەکرێ بڵێین کە هەژماری کورد لە کوردستانی هاوچەرخدا دەگاتە ٣٠ میلیون و لە تاراوگەش نزیک ٣ میلیون. -. نووسەر.

لێکداپراویی و له "ئێنکڵاو[67]"ە لێکهەڵبڕاوەکاندا دەژین و هەم لە خۆدی کوردستانی ئێتنیکیدا، بەدی دەکرێ. ئەم کێشەیە لە ناوچە "ئێنکڵاو"ەکان پێش هەموو شتێک خۆدی کورد دەگرێتەوە (دیارە هێندێک لە ئتنۆسە کەم هەژمارەکانی دیکەش وەک ئەرمەن، ئاسووری و تورکمەنیش دەگرێتەوە)، بەڵام لە سەر خاکی کوردستاندا ئەم کێشەیە زۆرتر و بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو ئتنۆسە بنەچەک تورک یان ئێرانی و نزیک لە کوردانەی وەک ئازەربایجانی، تورکمەن، لۆر و بەختیاری دەگرێتەوە و نەتەوە باڵادەستەکان کە هەمیشە ئاغای وڵاتی خۆیان بوون، ناگرێتەوە.

کەوابوو، فرەنەتەوەیی هەم لەم وڵاتانەی کە کورد لێیدەژی و هەم لەم ناوچانەی کە کورد تێیدا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی پێک دێنێ، دیاردەیەکی سرووشتییە. بەڵام فرەنەتەویی "نێوخۆیی کورد" بەو شێوەیەی کە ئێستا بوونی هەیە، روخسارێکی وەها ئاڵۆز و قەیراناویی نەماوە وەک ئەوەی لە راپردوودا هەیبوو. کۆمەڵکوژیی راستەوخۆ، تواندنەوە و پاکتاوکردنی زۆرەملانە کە بە درێژایی دەیان ساڵ و بەشێوەیەکی سیستەماتیک لەهەمبەر بەستێنی دێمۆگرافییە سرووشتییەکان لە لایەن دەسەڵاتداراندا بەڕێوەچووە، ئیتر بەرهەمەکانی خۆی پێکهێناوە. ململانییە سیاسی، کۆمەڵایەتی-ئابووری و کولتووری-سامانییەکان (بۆ نمونە لەنێوان کوردەکان و ئەرمەن و یان ئاسوورییەکان) کە لەسەردەمانی کۆنەوە هۆکاری هەڵگیرساندنی ناکۆکییە نەتەوەییەکان بوون، ئیتر وردە وردە

[67] Enklave بە خەڵکانی ئەو ناوچانە دەڵێن کە ناوچەکەیان لە خاکی وڵاتەکەیان دوور کەوتوونەوە و پەیوەندی ویشاکنیان نییە، وەک خەڵکانی: ئالاسکا بۆ ئەمریکا، نەخجەوان بۆ ئازەربایجان و هتد. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

هەنگاویان بەرەو لەنێوچوون ناوە و نەماون. لێرەدا کەمبوونەوەی ڕێژەی کەمە نەتەوەکان (نزیکەی ٢ تا ٣،٥٪ی تەواوی ئاپۆڕای کوردستان پێکدێنن)[68] لە کوردستانی هاوچەرخدا بۆتە یارمەتیدەری ئەو گۆڕانکارییە. کێشمەکێشمی سەرەکی نێوان نەتەوە باڵادەستەکان واتە، تورک و عەڕەب و فارس لە لایەک و کورد لە لایەکی دیکە، وادیارە بۆ ئاستێکی نزمتر و کەم مەوداتری ململانییە نێوئێتنیکییەکان دابەزیوە، هەرچەند دەسەڵاتداران بەپێی سیاسەتی "دابەشیان بکە و حکۆمەتیان بەسەردا بکە" جاروبار هەوڵی هەڵگیرساندنی دەدەن.

بەم شێوەیە ستروکتوری ئێتنیکی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، شوێنی ژیانی کوردان و ڕاستەوخۆ لە کوردستانی ئێتنیکیدا، لێواولێوی هەڵگیرساندن و پەرەسەندنی ناتەباییە نێونەتەوەییەکان و بەتایبەت پرسی کوردە.

بە لەپێشچاوگرتنی چەمکە ئێتنۆدێمۆگرافییەکان و دۆخی گشتی کورد و کوردستان، پێویستە بەردەوام بەسەر لایەنی سیاسی - جوگرافی ناوچەی کوردستاندا چاوپێداخشاندن بکەین و پانتایی و وردەکارییەکانی بەپێی ئامارە وەدەستکەوتووکان دابرێژینەوە. بۆ نمونە لە کوردستانی تورکیا ئەگەر کوردی زازا هەژمار نەکەین کە لەرووی زمان و ئایین جیاوازیان لەگەڵ کوردی کرمانج هەیە، پاش بەڕێوەچوونی سیاسەتی کۆمەڵکوژی سیستەماتیکی دەسەڵاتدارانی تورکیا و لەنێوچوونی نزیک بەتەواوی توخمی ئەرمەن و ئاسوورییەکان لەم وڵاتە، ئاپۆڕای کورد پتر ڕوخسارێکی یەکپارچە لەخۆدەگرێ. هەر بۆیە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەک سەرەکیترین بەرهەڵستکاری

---

[68] گ. ئی. عەبدوللا ، "کوردستان، ئاپۆڕا و دابەشکاری ناوچەیی و یەکە ئیدارییەکانی"، ل. ١٩. -. نووسەر.

ئێتنیکی ئەم وڵاتە (هەروەها لە ڕۆژاواش کە هێندێک "ئێنکڵاو"ی مەزنی کورد لێ پێکهاتبوون) خۆیان تێکەڵاوی ئاڵۆزکردنی کێشەی کەمایەتییەکانی دیکە نەکردووە.

نەخشەی ئێتنیکی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاڵۆزیی زۆرتری پێوە دیارە. کورد لە سووریا کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کەنارە سنوورییەکانی هێلی ئاسنی بەغدا نێشتەجێن، لە هەموو لایەکەوە بە کۆمەڵانی گەورەی عەڕەب گەماڕۆ دراون، زۆرترین حەشیمەتی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە (ناوچەی قامیشلوو) دەژین. دەسەڵاتدارانی سووریا سیاسەتی لێکبڵاوکردنی ناوچە کوردییەکان و لێکداپڕانی لە خاکی سەرەکی کوردستانی بردۆتەپێش و بەو مەبەستەش بەدرێژایی سنوورەکانی سووریا لەگەڵ تورکیا بە ڕاگواستنی دانیشتوانی کورد و جیگێرکردنی عەرب لەم ناوچانە، "پشتێنەی عەڕەبی" سازکردووە[69]. دیمەشق بە دابەشکاری یەکە ئێدارییەکان، خاکی کوردستانی سووریای لەتوپەت کردووە و بەم شێوەیە پەرەی بە کێشەکانی نێوان عەرەب و کورد داوە و دامرکاندنی کوردی بۆخۆی هاسانکردووە[70].

پرانی کوردی عێراق لە باکووری ڕۆژهەڵات، واتە لە هەرێمی خۆدمۆختاری کوردستان دەژین کە بەکردەوە رکابەرێکی ئێتنیکی ئەوتووی نییە. بەڵام ژمارەیەکی زۆر کورد لە باشووری (ناوچەی خانەقین) و لە باکووری هەرێم (ناوچەی مۆسڵ) و بەتایبەت لە دەوروبەری کەرکووک دەژین. لەم ناوچانە تورکمەن (تورکمان)، عەڕەب

---

[69] ع. ش. وانلی، کێشەی کورد لە سووریا، چاپی ١٩٦٨. ل. ١٠-١٢. -. نووسەر.

[70] دیارە ئێستا ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی سووریا پاشەکشەی پێکراوە و دۆخەکە لەم بەشەی کوردستاندا بەگشتی بەسوودی کورد گۆڕانی بەسەردا هاتووە. -. وەرگێر.

و هەروەها هێندێک گەلانی نەموسڵمانی پەیڕەوانی ئایینزا مەسیحییەکان لەگەڵ ئێزیدییەکان (بە ڕەگەز کورد) تەنگاوتەنگی یەکتر ژیان بەسەر دەبن. ئەم تێکەڵاوییە ئێتنۆئاییینیە بەستینێکی لەباری ڕەخساندووە لەبۆ دوژمنە لەژمارنەهاتووکانی گەلی کورد بۆ هەڵگیرساندنی کێشەی نەتەوایەتی لەو ناوچە ستراتێژیک و ئابوورییە گرینگە.

دۆخی ئێتنیکی-عەشیرەتی و ئێتنیکی-ئایینی ئێران لەو ناوچانەی کورد لێی دەژی گەلێک ئاڵۆزتر و دژوارترە. کۆمەڵانی خەڵکی کورد جگە لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا خاکێکی یەکگرتوو و جێگرتوویان لەم وڵاتەدا بۆخۆیان تەرخان نەکردووە، بەڵکو بەشێوەی "ئێنکلاو"ی بچۆک و مەزن لە تەواوی ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوای ئێراندا بەربڵاون و هەروەها بەشێکیشیان لە باکووری ڕۆژهەڵات، لە هەرێمی خوراسان تێکەڵاوی عەشیرە تورکمەنەکان دەژین. بارودۆخ بەتایبەت لە باکووری ڕۆژاوای ئێران ئاڵۆزە کە بەشێکی سەرەکی خاکی ئێتنیکی ئازەربایجانییەکانی ئێران و ژمارەیەک لە عەشیرەتی تورکی لەخۆ گرتووە و لەمێژە ناتەبایی و دوژمنایەتی ئایینییان لەگەڵ کورداندا هەیە (ئازەربایجانییەکان بە پێچەوانەی کوردان، پەیڕەوی ئاییینزای شیعەن). لە باشووری ڕۆژاوای ئێران هەروەها بەستێنێکی مێژوویی ڕەنگاورەنگی ئێتنیکی پێکهاتووە (لە هەرێمەکانی فارس و خوزستان و ناوچەکانی نێوان و دەوروبەریان) کە کورد لەگەڵ عەرەب، تورک و ئتنۆسەکانی دیکە ژیانێکی هاوبەشیان تێدا پێکهێناوە و هەروەها لەگەڵ هێندێک لەوانە (لوڕ و بەختیاری) وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، خزمایەتیشی هەیە. ژیانی هاوبەش و دورودرێژی ئەم گەلانە لەگەڵ

یەکتر و لەم ناوچەیەدا تا رادەیەکی زۆر بێ تەنگوچەڵەمەی نەتەوەیی تێپەڕ بووە، ئەگەرچی هێلگەڵێکی دیاری جیاوازیدانانی ئێتنیکی لەنێونیاندا هەر ماوە.

## چەمکە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکان

ژێرخانی کۆمەڵایەتی-ئابووری تەواوی بەشەکانی کوردستان، چ لە کوردستانی مێژوویی و چ لە کوردستانی هاوچەرخ، هەمیشە هەڵگری گەلێک تایبەتمەندی بەرچاو بووە. سەرەکیترینیان بریتین لە: رادەی زۆر نزم، هەم لە گەشەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، و هەم لەو توێژبەندییەی[71] کە ستروکتوری ئەوانەی لەسەر سازبووە و هەروەها ئاستی نزمی ئابووری و کۆلتووری بەگشتی لە ناوچەکانی ژیانی کۆمەڵانی سەرەکی کورد و لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک. ئەوەش بەهۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارە بووە لەهەمبەر هەر پەرەسەندنێک و لە پلەی یەکەمدا بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی-ئابووری کە گەلی کورد بەدرێژایی تەواوی مێژووی سەدان ساڵەی خۆی تێپەڕی کردووە. واتە بەهۆی: شەڕە لێنەپراوەکان، هێرش و وێرانکاری لەشکرکێشییەکانی مەغۆلان

[71] strtification

و تورکان، سەرکوتکارییە خوێناوییەکانی ڕاپەڕینەکانی کورد، کورتترین ڕێگای ویشکانی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئورووپا و ئاسیا (بەتایبەت پاش کردنەوەی کەناڵی سوئێز لەساڵی ١٨٦٩) و هەروەها هۆی سەرەکی: نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو و سەربەخۆی کورد.

هەر لەو سەردەمە کە پەیوەندییە فیوداڵییەکان، ئەوەیش بە روخساری ڕۆژهەڵاتیانەی خۆیەوە لە وڵاتانی موسڵمانی ڕۆژهەڵاتدا حۆکمڕانیان دەکرد، ساختارێکی کۆنی کۆمەڵایەتی-ئابووری نێوخۆیی، دەبێتە بەشێکی سرووشتی کۆمەڵگای کوردی. شێوازێکی کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی لەسەر باڵادەستی و ئاغایەتی بێسنووری دوزەنەی[72] عەشیرەتی پێکدێت کە دەبێتە هۆی سازکردنی گرێگەڵێکی ئێتنۆپسیکۆلۆژیکی چ لەئاست نەتەوەیی بەگشتی و چ لەئاست پێناسەی کەسێتی تاک تاکی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بەتایبەتی. وابەستەبوونی هەتا هەتایی تاک بە عەشیرەتێکی دیاریکراو، گرینگی سەرەکی پەیدا دەکات و ئەوەش دەبێتە ڕێگر لە پەروەردەکردنی خۆئاگایی گشت نەتەوەیی. لێرەدایە کە پارتیکۆلیاریزمی[73] عەشیرەتی کورد سەرچاوە دەگرێ و لەدەستپێکی رەوتی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە هەتاکوو ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، گشت ژیانی سیاسی کوردستان دەخاتە ژێر تەوژمی خۆی.

تەنێ لەو چەند دەیەی ڕاپردوودا و لەژێر کاردانەوەی ئەو گۆڕانکارییە پێشکەوتووخوازانەی کە هەم لەسەر ستروکتورە پەنگاوخواردووە

---

[72] formation

[73] Partikularismus ناوچەگەرایی، خۆتەوەری، پەرشوبڵاویی، جیاوازی دانان. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک کاریگەریی داناوە و هەم زۆرترین کاردانەوەی لەسەر ڕەوتی جیهانگیریی هەبوو، پەیوەندییە ماڵباتی-خێڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا دەست دەکات بە لاوازبوون و نەخشی باڵادەستی خۆی لەدەست دەدا و لەبەرامبەر پێوەرە کۆمەڵایەتییە سەردەمیانەکاندا پاشەکشە دەکات. لە هێندێک لەو ناوچانەی کوردستان کە سیستەمی پەیوەندییە خێراکانی گەشەی سەرمایەداری دەیگرێتەوە، ئیتر شێوازە ماڵباتی-خێڵایەتییەکان تەنیا لە بیرەوەرییەکاندا دەمێنەوە. زۆر لەمێژ نییە مودێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگای کورد دەستی پێکردووە و هێشتا ئاکامەکانی نەتەنیا زۆر بەرچاو نیین، بەڵکوو تەنانەت لە هێندێک لە ناوچە پەراوێزخراوە و پاشکەوتووەکانی بەتایبەت باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر هەستی پێناکرێ. لەم ناوچانە بەردەوام شێوازە پاشکەوتووکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بەزەقی دەکەونە بەرچاو. بەکورتی، فاکتەرەکانی پەنگاوخواردنەوەی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی ئتنۆسی کورد و هەروەها ڕێگر لە پێشکەوتن و پێگەیشتنی پەیوەندییە لەبار و گۆنجاوەکانی هزری-سیاسی و کولتووری، بەردەوام درێژە بە کاردانەوەی زیانهێنەرانەی خۆیان دەدەن.

بنبڕبوونی شێوازە نەریتییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کورددا بەهوی بڵاوبوونەی شێوازەکانی سەرمایەداری لە ساڵانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ لە ناوچەکانی ژیانی کورداندا، وردە وردە بەدی دەکرێن و پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئیتر زۆر بەئاشکرا ئاڕاستەیەکی خێراتر لەخۆ دەگرێ. بەڵام لە خودی کوردستاندا ئەم ڕەوتە درەنگتر دەستپێدەکات و تەنانەت بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو

وڵاتە پاشکەوتووترانەی دەورووبەری لە ڕۆژهەڵاتی نزیک لە ئاستێکی نزمتریشدا ڕوودەدات. بەڵام وا دیارە کە نابێ دوواکەوتوویی مێژوویی زۆر درێژە بکێشێ (بەڕاستی دەبێ جەخت لەسەر زۆر گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕووان نەکراو بکەینەوە کە لە دۆخە هەنووکەییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی گشت جیهاندا مۆژدەهێنەری پەیدابوونی گەلێک فاکتەری نوێ دەبن).

بەگشتی، ناوچەی کورد بریتییە لە تابلۆیەکی فرە ڕەنگاوڕەنگ کە چەمکە بنەڕەتی و سەرچاوگەییەکان بە بەربڵاوییەکی مەزن تێدا بەدی دەکرێن. لەپلەی یەکەم، لەتەواوی ناوچەکە و دەوروبەریدا ناهاوتەریبی لە پەرەسەندنی ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە زەقی دێتە بەرچاو. بە هەڵسەنگاندنی پێوەرە ئاساییەکان لە وڵاتە نێوەپێشکەوتووکان، ئەگەر باسی ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان نەکەین و هەروەها بەستێنی ئێتنیکی خزمەکانیشیان هەر لەپێش چاو نەگرین، ئاستی مامناوەندی یەکگرتوویی ئێتنیکی ئەو ناوچانە وەک یەکدەچن. بۆ کوردانیش، ڕەوتی یەکگرتوویی ئێتنیکی هێشتا دوورە لە بەسەرئەنجام گەیشتن، ئەوەش لەپلەی یەکەمدا بەهۆی نەبوونی بناخەیەکی گۆنجاوی کۆمەڵایەتی-ئابوورییە کە ئەم ڕەوتە دەبێ پشتی پێ ببەستێ.

سەرەڕای ئەمانە، لە سەردەمی ئێستادا هەلومەرجێکی بنەڕەتی هاتووتە ئاراوە کە ئەم ڕەوتە خێراتر دەکات. دۆخی داسەپاوی سیاسی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و لە پلەی یەکەمدا دەسەڵاتداران لە تورکیا، ئەو ولاتەی کە نزیکەی نێوەی ئاپۆڕای کوردی سەر گۆی زەوی تێدا دەژی، ناچاریان دەکات تا سرنج بدەنە ناوچە

کوردییەکان. چونکوو گەشە نەکردنی ناوچە پەرتەوازەکانی کورد مەترسی هەڵگیرساندنی ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت سیاسی بۆ دەسەڵاتەکانی نێوەندیی ئەم وڵاتانە پێکدێنێ. لێرەدا دەبێ فاکتەرە دەرەکییەکانیش لەپێشچاو بگیرێن. لە لایەک پەرتەوازەیی و لە لایەکی دیکە گەشەسەندن لە هیچ ناوچەیەکدا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ جیهانگیری[74] ناگونجێ جا چ لە ئاستی جیهاندا بێ و چ لە ئاستی ناوچە و دەوڵەتە جیاوازەکاندا بێت، بەتایبەت لەو ناوچانەدا ئەگەر گەلانی جیاوازیش نیشەجێ بن. وەها دۆخێک بێگۆمان ئاڵۆزیی و ناتەبایی لێدەکەوێتەوە. ناوچەی کوردیش ناتوانێ لە پەراوێزی ئەم رەوتە بنەڕەتییانەدا بمێنێتەوە، گۆڕانکارییە پێشکەوتووەکان و لەرووی مێژووییەوە پشکۆتوو، ئەگەرچی لەسەرەخۆ روودەدەن و زۆربەیان لەسەرەتادا بەرچاو ناکەون و بەشێوەیکی ئۆبژێکتیڤ درەنگ لەم ناوچەیە دەچنە پێش، بەڵام بەشێوەیەکی نەپساوە و بەردەوام بارودۆخێکی گۆنجاو بۆ هاتنە مەیدانی کۆمەڵگای کورد بە ئاڕاستەی گۆڕانێکی سەردەمیانە ئامادە دەکەن.

کەوابوو، چەمکەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووری بەشێکی نەپساوەی رەوتی مێژوویی سەر خاکی کوردستانی ئێتنیکی پێکدێنن. بەڵام لە سەردەمانی جیاوازدا، نەخشی هاوتەریب و یەکسانیان نەبووە، بەتایبەت لە سەردەمی هاوچەرخدا و لە نێوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە ئەم نەخشە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەڵام بەهۆی پاشکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی نەیتوانیوە باڵادەستی خۆی داسەپێنێ. کۆمەڵگای کورد لەژێر کاردانەوەی دۆخی هاوچەرخ بەرەو

---

[74] globalization

قۆناخێک راپێچکراوە کە مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی-دەوڵەتی بۆتە پرسی هەرە سەرکی و خێرای ئەم کۆمەڵگایە.

## چەمکە سیاسییە نێوخۆییەکان

کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی شڵەژانە توندوتیژ و لێ نەپڕاوەکان بووە. بۆ ئەوەش گەلێک هۆکار هەن. سەرەکی‌ترینی بریتییە لە خەباتی سەدان ساڵەی گەلی کورد لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی. ئەم خەباتە لە نێوەڕاستی هەزارەی یەکەم دەسپێدەکات، واتە کاتی دەسپێکی پێکهاتنی نەتەوەی کورد وەک گرینگ‌ترین و سرووشتی‌ترین بەشی رەوتی گەشەی نەتەوەیی لە ئتنۆسی کورد کە تا قۆناخی پێکهاتنی نەتەوەی کورد لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا درێژە دەکێشێ. ئازادیخوازی و دۆژمنایەتیکردنی بەپرشت لەهەمبەر هەر دەسەڵاتێکی دەرەکی (نەکورد)، هەمیشە روخسارێکی هەرە دیار و بەرجەستەی عەقڵیەتی نەتەوەیی کورد بووە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بارودۆخە نالەبار و ئۆبژێکتیڤییە دەرەکی و نێوخۆییەکان بەشێوەیەکی زاڵ و بنەڕەتی بوونەتە یارمەتیدەری سەقامگیریی ئەم روخسارە لە جیهانبینی و هەڵسوکەوتی سیاسی کۆمەڵگای کوردیشدا. هەروەها هەرس هێنانی هەموو بزووتنەوەکانی کورد تەنیا قوڵتر و بڵاوتر بوونەوەی فاکتەری بەرهەڵستکاری لە

ناوچەی کوردی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لێکەوتووتەوە. ئەم فاکتەرە بەشێوەیەکی کارا و لە تەواوی قەبارەی خۆیدا تەنێ لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا خۆی پێشاندا، کاتێک سەرتاسەری کوردستان وەجۆش هات و بە ڕێبەڕایەتی سەرۆکی ناوداری کورد، مستەفا بارزانی، خەباتی رزگاریخوازانەی کوردانی عێراق چەخماخەی لێدرا. لە خەبات لەپێناو خۆدمۆختاری راستەقینە، کوردانی عێراق ئاکامگەلێکی فرە گرینگیان وەدەستهێنا. ئەوەش یەکەم و هاوکات گرینگترین قۆناخی بزووتنەوەی نەتەنیا کۆردستانی عێراق، بەڵکوو بزووتنەوەی کوردستانە دابەشکراوەکانی دیکەش بوو بەرەو دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی-دەوڵەتی.

پرسی نەتەوەیی هەمیشە لەبەرەی هەرە پێشەوەی تەواوی گۆڕانکارییە سیاسییە نێوخۆییەکانی ناوچەی کوردستان جێگای گرتووە. زۆربەی هەرە زۆری ململانییەکان لە کوردستاندا سرووشتی ئێتنۆپۆلیتیکیان هەیە، بۆیە چارەسەریان دژوارە و ئەگەرچی لەوانەیە هێندێکیان ئاکامی باشیشیان هەبووبێ کە زۆر دەگمەنن، بەڵام سەرئەنجامی نزیک بە هەمووی ئەو ململانیانە شوێن پێیەکی نەسڕاوەیان بەجێ هێشتووە و کاردانەوەیەکی زیانهێنەریان لەسەر رەوتی مێژوویی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک داناوە.

ئەگەر پرسی نەتەوەیی وەک بزوێنەری سەرەکی رەوتی مێژووی سەر خاکی کورد، گشت چەمکەکان و فاکتەرەکانی دیکەی ژیانی نێوخۆیی کوردستانی بەتەواوی نەخستبێتە ژێر رەکێفی خۆی، ئەوە تا رادەیەکی بەرچاو جێگای ئەوانی گرتووتەوە، ئەوانەی کە دەیانتوانی ببنە سەرچاوەی ململانییە سیاسییە نێوخۆییەکان. ئەوە بەو مانایە

نییە کە دەبێ ئەو فاکتەرە گرینگانە وەلانێین و یان بەکەم هەڵیان سەنگێنین، وەک ناتەباییەکانی ئایینی و نێۆعەشیرەتی و گەلێک بزوێنەری نەریتی هاوشێوەیان کە دەتوانن ببنە بیانوو بۆ هەر چەشنە دووبەرەکی و ناکۆکییەک لەئاستی زۆر بەربڵاو و توندوتیژیدا. بەڵام وەک دیارە هەموو ئەوانە بە تێکڕایی "ئێتنیزە"[75] بوون و بە جلکی دیار و یان شاراوەی نەتەوەیی دەردەکەون. لەسەر ئەم بەستێنەدایە، ئەگەرکو بزووتنەوەی چین و تۆژەکانی کۆمەڵگاش سەرهەڵ بدا، زۆر بەدژواری بەرجەستە دەبێتەوە و لە ژیانی سیاسیدا بەهیچ شێوەیەک نەخشێکی بەرچاوی نابێت.

هەر لە سەردەمە کۆنەکانی سەدەی نێوەڕاستەوە پرسی نەتەوەیی بەڕاستی بەشی سرووشتی و سەرەکی کێشەی گلۆباڵی کوردی پێکهێناوە کە هەمیشە لەسەر دوو رووبەردا کارا بووە. یەکەم، پەیوەندیی هەبوو بە خۆدی کوردستانی ئێتنیکی و هاوکێشەی ئتنۆسەکانییەوە و دووەم، بە دۆخی کوردەکان لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا و هەروەها بە بزووتنەوەکانی دژی دەوڵەت و دەسەڵاتدارە دابەشکەرەکانی نیشتمانی مێژوویی کورد و بە سیاسەتی دژەکوردی کۆلۆنیالیستەکان و میراتگرانیان لە سەردەمی پۆست کۆلۆنیالیدا.

- ئەو تایبەتمەندیانەی چەمکە سیاسییە نێوخۆییەکانی رەوتی مێژوویی کوردستان کە ئاماژەمان پێکرد، سەرتاسەری ئەم وڵاتەی بەرەو نێوەندێکی ململانی ئاگرین وەرگێڕاوە.

---

[75] واتە کەوتوونە ژێر سێبەری پرسی نەتەوەیی. -. وەرگێر.

- هەر ڕاپەڕینێک و هەر شۆڕشێکی چەکدارانەی خەڵکی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆیان دەگرن. پێش هەمویان و لەنەبوونی یەکگرتوویی هزری-سیاسی و بەتایبەت نەبوونی یەکگرتوویی ڕێکخڕاویی کە لە کاتی قەیرانە گشت نەتەوەییەکاندا پێویستی پلە یەکەم پێکدێنن، پارتیکولیاریسمی سیاسی بەرجەستە دەبێتەوە کە هۆکاری پارچە پارچە کردنی هێزە بەرهەڵستکارە نەتەوەییەکانە. ئەوانە هۆکارگەلی پاشکەوتوویی کولتووری-سیاسی کۆمەڵگای کوردین، ئەو کۆمەڵگایەی کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لێواولێوی بەها و تایبەتمەندییە سرووشتییەکانی قۆناخی "فیودالیزمی عەشیرەتی" ڕۆژهەڵاتیی‌یە.
- بۆیە تاکو ئێستا لە کوردستاندا نێوەندێکی گشت نەتەوەیی پێک نەهاتووە تا بتوانێ نەخشی کۆکەرەوە و پتەوکەرەوەی هێزە بەرهەڵستکارە نەتەوەییەکان بگێڕێ. هێچکام لە دەسەڵاتدارە فیودالییەکان (میرنشینەکان، خان نشینەکان، یەکێتییە عەشیرەتییەکان بە ناونیشانە جیاوازەکانیان) کە تا نێوەڕاستی سەدەی ١٩ ڕاستەوخۆ کوردستانی ئێتنیکیان پێکهێنابوو، نەیانتوانیوە ئەو نەخشە بگێڕێن. ئەوانە لە ڕاستیدا شێوازگەلێکی دەسەڵاتداریەتی خودمۆختار و نێودەوڵەتدار بوون و پتر بەشێوەی ڕۆاڵەتی لە لایەن حۆکمدارە مەزنە دەسنیشانکارەکان[76] کە دەستاودەستی دەسەڵاتیان دەکرد و لە دەسپێکی سەدەی ١٦ەوە سۆڵتانەکانی تورک و شاکانی ئیران بوون، دیاری دەکران. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی زۆربەی

---

[76] Suzeraity وشەیەکی فەڕانسییە. شێوازێکی دەسەڵاتداری مەزنی فیودالی کە دەسەڵاتداری مەزنی مۆڵکدارە مەزنەکان (دەسنیشانکار) حۆکمداریی ناوچەکان دەدەن بە مۆڵکدارە مەزنەکانی ناوچەکە (دەسنیشاندە). ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

خاکی کورد لەژێر دەسەڵاتی نێوە کۆلۆنیالیستی ئازاد دەبێ و دەکەوێتە نێو رەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی سەرمایەداری کۆماری تورکیا و پاشایەتی ئێران  و بەشە بچۆکترەکەی لە عێراق و سووریا دەکەوێتە ژێر سەرپەرەشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان و لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بریتانیا و فەڕانسا و پاشانیش دەدرێ بە دەسنیشاندەکانیان لە نۆخبە خۆجییەکانی ئەم دوو ناوچانە. لێرەشدا سنوورەکانی ئەو ناوچەیە بەپێی هێندێک رێکەوتنامەی یەکلایەنە و بوورۆکراتیک دیاریدەکەن و بەڕێوەبردنی دەکەوێتە دەست دەسەڵاتدارێتی تاقمێکی کۆنەپەرست و شۆڤێنیست و ستەمکار لەهەمبەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان.

پارتیکولیاریزمی کورد دوو روخساری هەیە. رووی یەکەمی دابەشکردنی کوردستانی ئێتنیکی بەسەر دەوڵەتە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی نزیک دەگرێتەوە، و رووی دووەمەی بریتییە لە ناتەباییە نێوخۆییەکانی کورد لەسەر پێناسەگەلی عەشیرەتی و زمانی و ئایینی چ لەئاست گشت ناوچەی کورد و چ لەئاست هەر یەک لەو وڵاتە جیاوزانەی کە خەڵکی کوردی تێدا دەژین. کورد کە لە بارودۆخ و سیستەمگەلی کۆمەڵایەتی-کولتووری، ئابووری و سیاسی جیاوازدا دەژی کەوتووتە بەر کاردانەوەی زۆرترین فاکتەرەکانی دابەشکارییە ژێئۆگرافییەکانی خۆیدا کە بەپێی پێویستییە کاتییەکان بەشێوازی جوراجور هەڵسوکەوتی لەگەڵیان کردووە. ئەوەش دۆخێکی لە رابردوو پێکهێناوە و هەنووکەش بۆتە کۆسپ و تەگەرەگەلێکی زۆر دژوار لەرێگای هەر کردەوەیەکی هاوبەشدا. پارتیکولیاریزم چ لە رابردوو و چ

لەم سەردەمەدا چەمکێکی سیاسی هەرە زیانهێنەر بووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورددا.

دەرکەوتنەکانی پارتیکولیاریزم بەشێوازی جوراجور و تا رادەیەکی زۆر بەئاشکرایی روویانداوە. **یەکەم**، لە کاتی ئامادەسازی و هەڵگیرسانی تەواوی ئەو راپەڕینانەی کە لە سەرەتای سەدەی ١٩ەوە تا نێوەڕاستی سەدەی ٢٠ کوردستانیان هەژاند کە لاوازی و کەماسی بەرچاوی بەو هۆیەوە لێ بەدیدەکرێ. **دووەم**، لە راپەرینی کورداندا پەڕشوبڵاویی جوگرافی بەزەقی دەبیندرێ. لە مێژوودا تاقە راپەڕینێکی کەمتاکورت هاوکاتی هەموو کورد نابینین کە نەک تەواوی پانتایی ناوچەی کوردی رۆژهەڵاتی نزیک، بەڵکوو بەلانی کەم لە بەشیکی زۆری ئەم ناوچەیە روویدابێ. واتە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بەتایبەت بەپێی سرووشتی خۆی ناوچەیی بووە. **سێیەم**، بزووتنەوەکانی کورد بەگشتی نەک بەشێوەی هەماهەنگ، بەڵکوو بە لێکداپڕاوی پەرەیان سەندووە. قۆناخەکانی هەڵکشان و داکشانی پرانی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازانەی کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هاوکات نەبوون و ئەوەش کاردانەوەی نەرێنی لە کارایی ئەو بزووتنەوانە بۆ تەواوی ناوچەکە هەبووە و هۆکاری پێشەکی سەرنەکەوتنیانی پێکهێناوە. یەکگرتوو نەبوونی خەباتیان لەپێناوەی ئازادی و سەربەخۆییدا، کاردانەوەی مەرگهێنەری لەسەر چارەنووسی مێژوویی گەلی کورد داناوە.

هەر لە سەرەتاوە نەخشەی سیاسی نێوخۆیی کوردستان، ئاڵۆز و رەنگاورەنگ بووە و نە بە پێوەری چەندایەتی و تەنانەت بەهێچ پێوەرێکی دیکەش، یەک تەوەر و یەکدەست نەبووە و هەر بەم

شێویەش دەمێنێتەوە. لێرەدا دەتوانین تەنیا ئامازە بە هێندێک فاکتەری گشتی بکەین کە بژاردەیەکە لە سرووشتی هەلۆمەرجە قەیراناوی و گەلێکجار دووپاتبووەکانە. فاکتەری ئێتنیکی، قەومانی لەناکاو و ئامادەسازیی لاواز، کەمایەسی لە چەکوچۆڵی پێشکەوتوو، ملدان بەشەڕی پارتیزانی و شێوازی توندوتیژ. هەڵبەت جگە لەمانە و لە لایەکی دیکەوە دەبێ ئاماژە بە هێندێک تایبەتمەندی دیکەش بکەین، وەک هەڵگیرسانی مەزنی هەستی نیشتمانپەروەریی گشتگیری کوردی، ئەوپەڕی لەخۆبردوویی و قارەمانی و خۆتەرخانکردن تا کۆتایی لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا. ئێستاش بەپێی ئەو ئاستەی کە لە هەستی بەرهەڵستکاری لە تەواوی بەشەکانی کوردستان دەبیندرێ، ئەگەری پێکهاتن و رێکەوتنێک لە نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکان کە بەرەو هەڵکشانیش دەچن، لەگەڵ ئاڕاستەی شۆڤینیستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی ناوچەکە، زۆر دژوارە.

لەو ماوەی دواییدا گۆڕانکاریی بەرچاو و بێگۆمان ئەرێنی لە کەشوهەوای سیاسی نێوخۆیی تەواوی کوردستاندا دەبیندرێ. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد زۆر ئاشکرا و بە روونی هەنگاو بەرەو ئاستێکی بەرزتر دەهاوێژێ. ئەو بێسەرەوبەرییەی کە لەسەرتا گرفتاری ببوو، جێگای خۆی داوە بە خەباتێکی رێکوپێکی سیاسی. خۆدی بزووتنەوەکەش لەباری سیاسییەوە بەپێوەرە سەردەمیانەکان بەرەو دامەزراوەیی دەچێ و ئەوەش کارابوونی بزووتنەوەکەی لێدەکەوێتەوە. ئەو بزووتنەوەیە، ئیتر نابێ و ناشێ وەک پێشوو تەنیا خۆی بە کێشەی کوردەوە ماندوو بکات و لە لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگاکانی ئەو دەوڵەتانەی کورد تێیاندا دەژین، خۆ بدزێتەوە. پرسی

کورد بۆ خۆدی کوردەکان، ئەگەرچی وەک سەرەکیترین کێشە دەمێنێتەوە، بەڵام ئیتر چیدی تاقە کێشەی ژیانی نێوخۆییان نییە و ئەوەش خۆبەخۆ پەرەسەندوویی و پێشکەوتنی ئاگایی نەتەوەیی کورد پێشاندەدات.

هەروەها بزووتنەوەی سەردەمیانەی کورد هێشتا نەگەیشتووتە ئەو ئاستە لە پێگەیشتوویی تا سەرکەوتنی کۆتایی خەبات لەپێناوی ناساندنی مافی نەتەوەیی کوردی لێ چاوەڕووان بکەین، جا چ دەگا بە دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ. ئێستا تەنێ دەکری باسی دەسکەوتە بچۆکەکانی ناسیۆنالیزمی کورد بکەین (بەگشتی لە باشووری کوردستان). چما هێشتا پتر لە سێ لەسەر چواری خاکی کوردستانی ئێتنیکی و نزیک چوار لەسەر پێنجی ئاپۆراکەی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ بەشن[77] (بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە تورکیا، ئێران و سووریا). ماوەیەک لەمەو پێش لەژێر گوشارێکی مەزنی دەرەکیدا لە تورکیا ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی زۆر سنووردار و کێشداریش بووبێ، بەڵام سەرانجام رێگا بۆ سەپاندنی ناسنامەی ئێتنیکی کورد کرایەوە.

بۆ چارەسەری کێشەی کورد بێگۆمان پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدی دەکرێ. لە باشووری کوردستان زنجیرەکان ئیتر پساون، بەڵام دوژمنانی سەربەخۆیی کورد لە عێراق هێشتا بەهێزن و بیر لە تۆڵە دەکەنەوە. هاوپەیمانەکانیان زۆر چالاک و کارتێکەرن و گەلێک کەرەسەیان هەر لەبەر دەستدا ماوە. ئەوانەش بریتین لە تاقمێک

---

[77] گۆڤاری ئاسیا و ئافریقای ئێمڕۆ . ۱۹۹۸. ژمارە ۲. -. نووسەر.

نۆخبەی سیاسی پەروەردەکراو بە روانگەی ناسیۆنالیستی (بەعسییەکان و هاوشێوەکانیان)، تاقمێکی سیاسی- سەربازی و مێشک شۆڤینی عەرەبی کۆمپرادۆری بۆرۆکرات، پیاوانی ئایینی سونە و شیعە، کەمایەتییەکی تورکی (تورکمەن یان تورکمان) ورووژیندراو لە لایەن تورکیاوە، تاقمێکی خۆفرۆشی مارگینالْ و ئاست نزمی ورووژێندراو لەلایەن بازارەوە کە بە "شەقام" ناوزەدکراون (هەمان "رەشە لەشکری"[78] موسڵمانان). هاوکات چانسی دۆژمنانی شۆڕشی کورد لە عێراق ئەگەرچی زۆر مەزن نییە، بەڵام هێشتا دوور نییە وەرچەرخانێکی نەخوازراو لەدژی کورد لەخۆبگرێ (چەلێ تەنێ لەرووی تیۆرییەوە)[79].

لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هێشتا گێرەوکێشەکان لەو پەڕی گوڕوتین دان، بەڵام ئاسویەکی دەلخۆشکەر لێی بەدی ناکرێ چونکە گەلێک کۆسپ و لەمپەر لەهەمبەر خەبات بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی لەم بەشانەدا دەبیندرێن. ئەمە لەپلەی یەکەمدا تورکیا دەگرێتەوە کە پتر لە نێوەی ئاپۆڕای کورد لەوێندەرێ دەژین. ماوەیەکی دوور و درێژ (هەر لەسەرتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لەسەر وێرانەکانی ئێمپراتوریای عۆسمانییەوە لە ساڵی ١٩٢٠) کۆمەڵانی خەڵکی کورد تەنانەت لە پێناسەی نەتەوەیی خۆیان بێبەش کرابوون. کەمالیستەکان و پاشانیش میراتگرانیان، بەدرێژەپێدان بە سیاسەتی نەریتیی کۆنەعۆسمانی "یەکدەستکردن"[80] کە زۆر

[78] Black Hundreds تاقمێکی ناسیۆنالیستی توندازووی رووس لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[79] (ئەم بابەتە پێش ساڵی ٢٠٠٨ نووسراوە) لە نێوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ بە هێرشی داعەش بۆ سەر باشووری کوردستان، ئەو تیۆرییە بوو بە کردەوە. -. وەرگێر.

[80] Integrismus

بەتوندی دژی هەر جیابوونەوەیەکی ئایینی و ئێتنیکی رادەوەستا، هەر ئاکارێکی کوردایەتییان بە تۆمەتی خەیانەت بە وڵات سەرکوت دەکرد. "شۆڕشە چەکدارییەکانی" کوردان کە لە ساڵانی ٢٠ تا ٣٠دا هەڵگیرسان، زۆر بێ بەزەیانە سەرکوت کران[81]. ئەم دۆخە تا کۆتایی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا. تەنێ لەم دووایییانەدا و لەژێر فشاری کەسایەتییە لیبڕال-دێمۆکراتە نێونەتەوەییەکان و بنکە سیاسی و ئابوورییەکانی ئورووپا کە ئانکارا ناچار گۆڕایەڵەیان بوو، دەستەڵاتدارانی تورکیا ئامادەیی خۆیان بۆ هێندێک ئاسانکاری، ئەگەرچی نە بنەڕەتی بۆ کوردان دەربڕی، وەک: ئاسانکاری بۆ خوێندن و دامەزراندنی ئامرازەکانی راگەیاندن و هتد. کوردستانی تورکیا هێندێک هەناسەی هاتەوە بەری، بەڵام هەڵاوەردن هەر وەک پێشوو بەردەوامە. سەرەڕای جموجۆڵە سەربازییەکان و سەرکوتکارییەکانی هێزەکانی تورکیا لەدژی پارتیزانەکانی حیزبی چەپرەوی کرێکارانی کوردستان (پ. ک.ک.) و پەراوێزخستنی رێبەرەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە بەندیخانەدا، دۆخی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا کە پرانی دانیشتووانی کوردن، وەک پێشوو ئاڵۆزە. بەرخۆدانی توند و تیژی کوردان هەروەها ناوچەکانی دیکەی تورکیا و لەوانە ئیستامبوولیشی گرتووتەوە. پاش دامەزراندنی خۆدمۆختاری کورد لە عێراق، تورکیا بۆتە گۆڕەپانی هەرە قەیراناویی ناوچەی کورد لە رۆژهەڵاتی نزیکدا[82].

بەپێچەوانەی تورکیا و وڵاتانی عەربی عێراق و سووریا، پرسی کورد لە قۆناخی هاوچەرخی ئێراندا تاقە پرسی نەتەوەیی ئەو وڵاتە نییە،

---

[81] م. ج. لازاریف، کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣- ١٩٤٥)، چاپی مۆسکۆ ٢٠٠٥، بەشەکانی ٢ تا ٤. -. نووسەر.

[82] ئێستا رۆژاوای کوردستانیشی گرتووتەوە. -. وەرگێڕ.

بەڵکوو بەشی هەرە گرینگی کێشەیەکی نەریتی و مەزنتری ناکۆکی ئێتنۆعەشیرەتی ئەو وڵاتە پێکدێنی کە گەلێکجار لە رابردوودا بزووتنەوەی جیاخوازانەی کەمایەتییە ئێتنیکییەکان، ئەو وڵاتەی رووبەرووی لێکترازان و لێکبڵاوبوونەوە کردووتەوە. نزیکی ئێتنیکی (هەروەها زمانی) کورد و خزمانی نزیکی، واتە لۆر و بەختیاری لەگەڵ نەتەوەی سەرەکی دەسەڵاتدار، واتە فارس، لایەنی فرە تایبەتی پرسی کورد لە ئێران پێکدەهێنێت. هەر ئەو تایبەتمەنییە رێگای بە دەسەڵاتی شا دا و ئێستاش رێگای بۆ "کۆماری ئیسلامی" خۆشکردووە تا بێرێزی بە کورد بکا و حاشا لە پێناسەی نەتەوەییان بکات و لەگەڵ لۆر و بەختیارییەکان وەک عەشیرەتگەلێکی پەرتەوازەکراوەی ئتنۆسی فارس هەژماریان بکات.

بەڵام پرانی کوردی ئێران هەست بە نزیکایەتی ئێتنیکی لەگەڵ فارس و هێندێکی دیکە لە گەلە ئێرانی زمانەکان ناکەن، جا ئیتر یەکسانبوون لەگەڵیان هەر مانای نییە. لەبەرامبەردا لێک تێگەیشتن و هەستی یەکگرتووی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کوردایەتی گەلێک لە نێویاندا بەهێزە. ئەم هەستە هەروەها لەگەڵ هەستی هەڵقوڵاو لە پەراوێز خستنی ئایینی سونە کە زۆربەی کوردی ئێران پەیڕەوی لێدەکەن، لە بەرامبەر ئایینی دەوڵەتی و فەرمی شیعە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە لایەن رژێمی سەڕەڕۆی شیعەوە داسەپاوە و فارس و هەروەها ئازەربایجانی و لۆر و بەختیاری و عەڕەبەکانی خوزستان و هتد پەیرەوەی لێدەکەن، ئاگری

دووبەرەکییەکی زۆری هەڵایساندووە و زۆر ئاساییە کە دووبارە ئاڵۆزتربوونی پرسی کوردی لێ بکەوێتەوە[83].

کەشوهەوای سیاسی لە کوردستانی ئێران هەمدیسان لەئاستی تەقینەوەدا ماوەتەوە، چونکە تاران سیاسەتی "گۆپاڵ و هەڵوا" بەکار دێنێ و لە نزیکایەتی زمانی و کولتووری-مێژوویی کورد و فارس کەڵک وەردەگری و یاری پێدەکات، واتە لە بوارەکانی پەروەردەیی و کولتووری و ئامرازەکانی راگەیاندن لە لایەک رێگای بە هێندێک ئاسانکاری داوە هەڵبەت پرێک زۆرتر لەو ئاستە نزمەی کە هاونیشتمانەکانیان لە تورکیا پێیان دراوە و لە لایەکی دیکە نە بەو ئاستەش کە ناوەڕۆکێکی بەرچاوی سیاسی لێبکەوێتەوە. کەوابوو، ئەو هۆکارە سەرکییانەی کە لەژێر کاردانەوەیان فاکتەری کورد، وەک پێشوو نەخشێکی گرینگ و هاوکات رۆخێنەر لە ژیانی سیاسی نێوخۆیی ئێراندا دەگێڕا، هەر وەک خۆی ماونەتەوە و دیارە بەناچاریی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا دیسان توندوتیژتر دەکات.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ناوچەکانی باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بزوێنەرێکی هەمیشەیی بووە لە کەشوهەوای سیاسی ئەم وڵاتەدا. لە ناوچەیەکی باریکی سنوورییەکانی نێوان سووریا لەگەڵ تورکیا و عێراق، کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەژین، ئەم ناوچانە لە رووی مێژووییەوە درێژەدەری راستەوخۆی خاکی تورکیا و عێراقن، بۆیە گرینگییەکی مەزنی ستراتێژیکی و سیاسی هەیە. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراودا، پارچەی سووریی کوردستان کەمترین پانتایی و ئاپۆرای هەیە و لە

---

[83] ئۆ، ئی. ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران (١٩١٨- ١٩٤٧)، چاپی مۆسکۆ، ١٩٨٨، بەشی ٣، مێژووی کوردستان. -. نووسەر.

باری مێژوویی و ئابووری و سیاسەتی هاوچەرخی ناوچەی کوردستاندا تا رادەیەکی بەرچاو کەوتووتە پەراوێزەوە[84]. بەڵام ناشێ بەتەواوی ئەو بەشە پەراوێز بخەیەن و گرینگی پێ نەدەین. کوردانی سووریا جێگای خۆیان هەیە و لە بزووتنەوەی نەتەوەیی قۆناخی هاوچەرخدا شوێنێکی دیاریان گرتووە.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و کاتێک سووریا، بەشێک لە لوبنان دەهاتە هەژمارکردن و کەوتە ژێر سەرپەرەستی فەڕانسا، ناسیۆنالیزمی تازەپێگەیشتووی کوردانی سووریا هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسی ئەم ناوچەیە. رێک هەر لەم بەشەی کوردستاندا نێوەندی هزریی و بیرۆکەیی ناسیۆنالیزمی کورد پێکهات و یەکەم حیزبی سیاسی گشتگیری کورد بە ناوی "خۆیبوون" (بە مانای سەربەخۆیی) ئەگەرچی نەخشێکی ئەوتۆی نەگێڕا، دامەزرا. رووناکبیرانی کورد لە دیمەشق و بەیروت تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، پشکێکی زۆر بەرچاویان لە داڕشتن و هەڵگیرساندنی هزری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەبووە. لە خۆدی سووریا و پاش راگەیاندنی سەربەخۆییە سەیرەکەی ساڵی ١٩٦٤، جموجۆڵێکی خێرا کەوتە نێو کەمایەتی کورد و چەند حیزبی سیاسی کورد، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی تاقمە شۆڤینیستییەکان لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا پێکهاتن. ململانی یەک لەدووای یەکەکانی ئەم تاقمانە بەتایبەت لە کۆتاییدا و لە ساڵی ١٩٦٣ بوو بەهۆی هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسییەکان کە باڵی توندڕەووی ناسیۆنالیستە عەڕەبەکانیان

---

[84] ئەم بابەتە لە پێش ساڵی ٢٠٠٨ نووسراوە، ئێستا بە تێپەڕبوونی تەنیا ٨ ساڵ و بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە، ئەم پارچەیەی کوردستان بۆتە نێوەندی بەرژەوەندییەکانی هەموو زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکە. -. وەرگێڕ.

پێکهێنابوو. لەژێر ستەمی رژێمی بەعسیدا هێچ ئاسۆیەکی روون بۆ کوردانی سووریا بەدی نەدەکرا و خەباتیان لەپێناو خۆبەڕێوەبەریی و ئازادیدا بەشێوەیەکی توندوتیژ سنووردار و یان بەشێوەیەکی ئاشکرا سەرکوت دەکرا.

بەکورتی، بۆ پرانی کوردانی رۆژهەڵاتی نزیک، پرسی نەتەوەیی هەمیشە کێشەیەکی هەرە سەرکی و هەرە گرینگ و هەرە ئاڵۆزی ژیانیان بووە و هەر واش دەمێنێتەوە. چارەسەریی خیرای ئەم کێشەیە کە بەدڵی خۆدی کوردان و لە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێت، گەلێک دژوارە. لەهەر حاڵدا، ئەم کێشەیە لە رۆانگەی نێوخۆیی خۆیدا بێگۆمان تەنگوچەڵەمەی مەزن و ملمڵانی تازە و ئاکامی ناروونی لێدەبێتەوە.

## چەمکە سیاسییە دەرەکییەکان

لەم لێکۆڵینەوەی لەبەر دەستمان دایە، بە پشتبەستن بەو فاکتەرە جوگرافی، میژوویی، دێمۆگرافی، کۆمەڵایەتی-ئابووری و سیاسییانەی کە بەشێوەیەکی گەوهەری تایبەتن بە کوردستان و بەستێنێکی ژێئۆپۆلیتیکی تاقانەیان پێکهێناون، دەکرێ چەمکە سیاسییە دەرەکییەکانی لەپلەی یەکەم و هەرە سەرەکی هەژمار بکەین. هەر خودی دابەشکاری ناوچەی کوردستان بەسەر چەند پارچەی دەوڵەتی و ئیداریدا پێکهێنەری کێشە سیاسییە دەرەکییەکانی مێژووی کوردستان لەهەموو قۆناخەکانیدا بووە.

خاکی کوردستان هەر لە کەونارەوە، لە ڕۆانگەی سەربازی و ئابوورییەوە بۆتە جێگای راکێشانی سرنجی گەلێک وڵات و دەوڵەتانی بەرژەوەندیخواز و بەهۆی رووبەرە شاخاوییە چڕوپڕەکەی وەک قەڵایەکی سرووشتی کە داگیرکردنی زۆر دژوار و لەهەمان کاتدا راگرتن و پاراستنی دژوارتر بووە، هاوکات لەو قەڵایەوە بەهۆی رێڕەوە سرووشتییەکانی لە دۆڵ و دەوەنەکانی، هێرش بردن بۆ سەر وڵاتانی جیرانیش، زۆر ئاسان بووە. تەواوی داگیرکارانی بەناوبانگی سەدەکانی نێوەڕاست هەر لە خەلیفەکانی عەڕەب بگرە تا خانە

مەغۆل و تورکەکان و هەروەها پاشا فارسەکان، لەم تایبەتمەندییە کەڵکیان وەرگرتووە. تەنانەت ئێستاش هەڵکەوتەی قەڵەمندارێتی سەربازی-سیاسی بێوێنەی کوردستان گرینگی خۆی هەر ماوە و دانیشتووە شەڕکەر و ئازادیخوازەکەی هەمیشە وەک هاوپەیمانێکی گەلێک شایستە و هێزگەلێکی سەربازی تەیار بۆ پێکدادانە سەربازییەکان کڕیاری هەبووە. هاوکات بەهۆی جێگیربونی لە نێوەڕاستی ناوچەکە، کوردستان پێگەیەکی ژێئۆستڕاتێژیکی بۆ پێکهێنانی هەڕەشەی سەربازی بەئاڕاستەی رۆژهەڵاتی عەڕەبی، ئاسیای بچۆک، ئێران و قاقفاز هەبووە.

سامانی سرووشتی خاکی کوردستان (لەپلەی سەرەکیدا نەوت، گاز، ژێرخانێکی بەهێزی ئاو-وزە، زەوی و زارێکی بەپیت و بووم و لەوەڕەگەیەکی بەرفراوان) هاندەرێکی بەهێز بوون بۆ هەموو ئەو هەوڵە یەک لەدوای یەکەکانی کە لەلایەن هاوسێ کۆنەکان و دوواتریش زلهێزە کۆلۆنیالیستە رۆژاواییەکان لەپێناو دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنی داویانە.

کەوابوو، بەپێی فاکتەرە ژێئۆپۆلیتیکییەکان، خاکی کوردستان بۆتە گۆڕەپانێکی لەبار بۆ ملمڵانییە راستەوخۆکان. بەستێنی دەرەکیش بۆتە هۆی پێکهێنانی قەیرانە لێنەبڕاو و زۆرجار ئاڵۆزکەرەوەکان بۆ ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و لەوانەش، بۆ ناوچەی کورد کە دەکەوێتە چوارچێوەی تورکیا، ئێران، عێراق و هەروەها ناوچە سنوورییەکانی سووریا.

ناڕەزایی کوردان لەم وڵاتانەدا نەتەنیا هۆکارن بۆ ململانی دیپڵۆماتیک، بەڵکوو بۆ شەڕ و پێکدادان لە نێوان ئەم دەوڵەتاندا. ئەم

دەوڵەتانە سیاسەتی دەرەکی خۆیان بەئاڕاستەی کەم بەهادان بە کێشەی کورد دەبەنە پێش و وەک کێشەیەکی نێوخۆیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کێشەیە دەکەن، چونکە مەترسی فراوانبوون و هەڵکشانی بۆ ئاستی جیاخوازی کوردی لێدەکەنەوە. لە دیپلۆماسی ئەم دەوڵەتانەدا گرینگی سەرەکی بە داڕشتنی ڕێبازێکی بەردەوامی دژە کورد دراوە، ئەوەش لە سەرەتاکانی شەڕی دووەمی جیهانی، واتە لە ٨ی جولای ١٩٣٧ بە ڕێکەوتنامەی سەعداباد وەک ئانتانتی ڕۆژهەڵاتی نزیک لەنێوان تورکیا، ئێران و ئەفغانستان دەستپێدەکات (ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورت). لەم ڕێکەوتنامەدا بەتایبەت ئاماژە بە دژکردەوەی هاوبەش لەبەرامبەر بزووتنەوەی کورد و کەمەنەتەوەکانی دیکە کراوە[85]. ساڵانێکی دوورودرێژ هەتاکوو ئەم دواییانەش، ئەو نەریتە شۆڤینیستییە درێژەی هەبووە و کاردانەوەیەکی فرە نەرێنی لەسەر کەشوهەوای سیاسی و دیارە لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ناوچەکەش داناوە.

لە سیاسەتە دەرەکییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا و لەو بەشەی کە دەگەڕێتەوە بۆ هاوکێشەکانی نێوانیان، کێشەی "کوردی پارچەکراو" ئەگەر سەرەکیترین شوێنی نەگرتبێ، گرینگترین خاڵی هاوبەشی سیاسەتی دەرەکیانی پێکهێناوە. هاوکات ئەم کێشەیە نەخشێکی بەرچاوی هەبووە لەسەر مەرجەکانی سیاسەتی دەرکی ئەم دەوڵەتانە بەرامبەر بە "ڕۆژاواییەکان"، واتە کاردانەوەی هەبووە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ زلهێزە سەرەکییە پێشکەوتوکانی ڕۆژاوای ئورووپا و ئامریکا و ڕووسیا (باشترە بڵێین، لەگەڵ پانتایی ئورووو-ئاسیا).

---

[85]پروانە: م. س. لازاریڤ، کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣-١٩٤٥)، ل.١٨١-١٩٠. -. نووسەر.

لێرەدا ئەو وڵاتانەی کە دانیشتووانی کوردیان لەخۆ گرتووە، کەوتونەتە سیاسەتی بەرگریکردن لەخۆ، و زلهێزە کۆڵۆنیالیست و ئەمپریالیستەکان سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی سەربازی-سیاسی و ئێستاش، ئابووری ب بەسەر خاکی کوردستاندا گرتۆتەبەر. بۆ ئەم مەبەستەش کەڵک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەمانایەکی بەربڵاوتر، سوود لە ناسیۆنالیزمی کورد وەردەگرن[86].

دەستێوەردانەکانی ئورووپا، رووسیا و پاشانیش ئەمریکا لە پرسی کورد، کاردانەوەیەکی گەلێک مەترسیداری لێکەوتووتەوە کە ناکرێ هەڵسەنگاندێکی یەکلایەنە و تەواوی بۆ بکەین. لە لایەک، ئەو دەستێوەردانانە بێگۆمان بەمەبەستی داگیرکاری کۆلۆنیالی و ئەمپریالیستی بووە. لە لایەکی دیکە، بۆتە هۆی راکێشانی کورد بۆ تەوەرەی ئابووری جیهانی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و بەشێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ یارمەتی بە مودێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگای کوردی داوە. هەروەها سرنجدانی زلهێزەکان بۆ خودی پرسی کوردیش تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە دیار و پراگماتیکییە سەربازی-سیاسییەکانی خۆیاندا بووە. هەر کاتێک ئەو دوو لایەنە توانیویانە لەپێناو بەرژەوەندیی و مەبەستە نزیکەکانی بزووتنەوەی کورد یەک بگرنەوە (لەڕاستیدا، کاتی بووە)، زلهێزەکان و کورد بۆنەتە هاوپەیمانی یەکتر. بەڵام ئەگەر بە ئاڕاستەی هاوتەریب و جیا لەیەکتر چونە پێش، ئەو کات ئەو دوو لایەنە بەشێوەیەکی رێژەیی،

---

86 پڕوانە: ن. ئا. خەلفین، خەبات لە پێناوی کوردستان (پرسی کورد لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی سەدەی ١٩)، چاپی مۆسکۆ ١٩٦٣. هەروەها: م.س. لازاریف، پرسی کورد (١٨٩١-١٩١٧)، چاپی مۆسکۆ ١٩٧٢. هەروەها: م.س. ؛لازاریف، ئەمپریالیزم و پرسی کورد (١٩١٧-١٩٢٣)، چاپی مۆسکۆ ١٩٨٩. هەروەها: م.س. لازاریف، کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣-١٩٤٥). -. نووسەر.

سەربەخۆیانە و جیا لەیەکتر کاری خۆیان کردووە. کاتی وەهاش هەبووە کە ئەم دوو لایەنە دژی یەکتر بوون و ئیتر ململانی و دوژمنایەتی راستەوخۆ لەنێوانیاندا روویداوە. بەڵام لەم نێوەدا، خودی کورد وەک لایەنی وابەستە و هەر بەم هۆیەش، لایەنی لاوازتر، زۆرترین خەساری بەرکەوتووە.

ئەو وڵاتانەی کە لە کاتە جیاوازەکاندا نەخشی سەرەکیان بۆ وەدەستهێنانی کوردستان گێراوە، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەدرێژایی نزیک بە تەواوی سەدەی ١٩ رووسیا و بریتانیا دژبەرانی یەکتر بوون لەپێناو بەدەستهێنانی هێژمۆنی بەسەر ئەم قەڵەمندارە. رووسیا لە باکوور، رۆژاوا و باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان باڵادەست بووە و بریتانیا لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان نەخشی سەرەکی گێڕاوە. لەکۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠مدا، یاریکەرێکی تازە دێتە مەیدان: ئاڵمانیا. و لەقۆناخی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، فەڕانسا و ئامریکا کە بەسەر ئیمپراتوریای عۆسمانیدا سەرکەوتبوون، داوای بەشی کۆڵۆنیالی خۆیان لە میراتی کورد دەکەن.

ئەوەش لە مێژووی کورد و پرسی کورددا، خاڵی وەرچەرخان و چارەنووساز بوو. بەپێی پەیمانی ڤێرسای کە لەسەر بنەمای سەرکەوتنی ئانتانت لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەسترا و هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ئیمپراتوریای عۆسمانیش تێکڕۆخا، دووەم پارچەکردنی کوردستانی ئێتنیکی لێکەوتەوە (یەکەم جار لەسەرەتای سەدەی ١٦دا خاکی کورد لەنێوان ئیمپراتوریای عۆسمانی و پاشایەتی ئێراندا دابەشکرا). لەو کاتەوە ئاپۆڕای سەرەکی کورد لە چوار وڵاتدا دەژین

(تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا) کە دوو لەمانە (تورکیا و ئێران) سەربەخۆیی تەواویان وەدەستهێنا و دووی تریان لەژێر سەرپەرەشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان کەوتەنە ژێر وابەستەیی کۆلۆنیالی بە بریتانیا (عێراق) و فەڕانسا (سووریا و لوبنان). لە سەرەتای ساڵانی ۱۹۳۰ کاتێک عێراق و پاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی کاتێک سووریا سەربەخۆیی رۆاڵەتی وەدەست دێنن، ئەو دۆخە هەر بەردەوام دەبێ.

ئەو گۆڕانکاریانە، بارودۆخی نێونەتەوەیی کوردستان گەلێک ئاڵۆز دەکەن و رەهەندی تازە و فرە ئاڕاستە دەهێنە نێو پرسی کوردەوە. یەکەم، ئورووپای رۆژاوا راستەوخۆ دەکەوێتە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاپۆڕای چەند میلیۆنی کورد لە رۆژهەڵاتی نزیک، ئەوەش بۆ ئەوان (دیارە هەروەها بۆ کوردیش) نەتەنیا خێری تێدابوو، بەڵکوو مانایەی کردەوەیی، واتە سیاسی هەبوو. دووەم، نۆخبەی تازە پێگەیشتووی رووناکبیر و سیاسی کوردیش بە حەزێکی زور دەست دەکات بە نزیکبوونەوە لە رۆژاوا. کوردستان هێدی هێدی دەکەوێتە نێو تەوەرەی سیاسەتی جیهانی، هەروەها بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ناوچەی کورد لە رۆژهەڵاتی نزیکدا بەشی سەرەکی و گرینگی سیاسەتی خۆی بۆ ئاراستەگەلێکی دیاریکراو لە سیاسەتی دەرەکی تەرخان دەکات.

بەم شێوەیە لە قۆناخی پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تاکوو دەسپێکی شەڕی دووەمی جیهانی، رەهەندی نێونەتەوەیی پرسی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا دێت. یاریکەرە کۆنەکانی گۆرەپانی کورد پاشەکشە و یاریکەرە تازەکان دەست دەکەن بە خۆتەیارکردن و خۆتێخزاندن. بەهۆگەلێکی دیار، ئاڵمانیای تێکشکاو

لەشەڕی یەکەم، لە مەیداندا نامێنێ، بەڵام ئیتالیای فاشیست بە مەبەستگەلێکی دیاری داگیرکارانە دێتە نێو گۆڕەپانی ناوچەکە. پاش ماوەیەک رژێمی نازیستی ئاڵمانیا بە هەستێکی فرە مەزنخوازانە و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی هێژمۆنی خوازانەی پێشووی بۆ دەست بەسەرداگرتنی تەواوی رۆژهەڵاتی نزیک، دەبێتە هاوپەیمانی ئیتالیا. بەم شێوەیە، کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسی ئەو لایەنانەش. زلهێزە کۆلۆنیالیستە کۆنەکان، واتە بریتانیا و فەڕانسا ناچار دەبن بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام ئەمە بۆ کورد هیچی لێ هەڵناوەرێ. نە دێمۆکراتە رۆژاواییەکان و نە زلهێزەکانی تەوەری فاشیستی مەبەستیان رزگارکردنی کوردان لە ستەمی نەتەوەیی و کۆلۆنیالیستی نەبوو. بەپێچەوانە، یاریکردنی زلهێزە کۆلۆنیالیستە کۆنەکان و فاشیستەکان لەگەڵ کورد لەکردەوەدا دەیتوانی تەنیا ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی بزووتنەوەی کورد و لە "باشترین" راژە بۆ ئەوان، دەیتوانی ئەو بزووتنەوەیە دامرکێنی. کە واشی لێهات.

لەم قۆناخەدا بەرچاوترین گۆڕانکاری لە هەڵوێستی هاوسێ باکوورییەکەی کوردستان، واتە رووسیا (یەکێتی سۆڤیەت) روویدا. تزاریسم لەرووی ژێئۆپۆلیتیکییەوە زۆرترین مەودای بۆ کاردانەوە لە کاروباری کورددا هەبوو، کە ئەوەشی لە باشووری قەفقازدا سەلماند و لە کاتی شەڕە دوورودرێژەکانی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا بەسەرکەوتوویی ئەو سیاسەتەی جێبەجێ کرد. سۆپای رووس کە ئەوپەڕی حەزی لە بێلایەنی، و لەباشترین راژەش بەشدارکردنی راستەوخۆی کۆمەڵانی کورد و پێکهاتە سەربازی-عەشیرەتییەکەیەوە هەبوو، توانی بەسەرکەوتوویی هێرشەکانی بۆ خاکی

کوردستانەکانی تورکیا، ئێران و عێراق و هەروەها بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ئەنجام بدا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئیمپراتوریای رووسیای تێکرووخاند و یەکێتی سۆڤیەت دامەزرا، بەڵام ئاڕاستەی سیاسەتی پێشووی لەهەمبەر کورددا تەنیا بەرووالەت گۆڕدڕا. رۆانگەی چینایەتی کە پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ وڵات و گەلە هاوسێکانی بەفەڕمی لەسەر دامەزرابوو، بەکردەوە هەمان رێبازی نەریتی پراگماتیکی پێشووی جێبەجێ دەکرد و بەم پێیە، لەپێناو بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەکی رووسیادا بزووتنەوە نەتەوەییەکانی وڵاتانی دەوروبەری خۆی بەکار دەهێنا. ئەگەرچی ماوەیەکی دوورودرێژ یەکێتی سۆڤیەت لەگەمارۆی دوژمنکارانەی دەوروبەریدا دەژیا ("کەمەربەندی سەوز")، بەڵام پرسی کورد بۆ سیاسەتی دەرەکی سۆڤیەت گرینگییەکی گەلێک تایبەت پەیدا دەکات چونکوو پاش شەڕی یەکەمی جیهان و لەژێر کاردانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە سنوورەکانی نزیک بە قەفقازدا پرسی کورد تا رادەیەکی یەکجار زۆر دەورووژێ (وەک چۆن کوردە مارکسیستەکانی ئەو کاتی وتوویانە: "پرسی کورد بریتییە لە پاشکەوتەی فرە گرینگی دژەئەمپریالیستی ئێمە لە رۆژهەڵاتی نزیکدا").

ئەو گۆڕانکارییە چاخییە مێژووییەی کە لەم ناوچەیە روویدا، پەلکێشی سنوورەکانی باکووری کوردستان دەبێ و کاردانەوەگەلی ناتەبا لەسەر چارەنووسی گەلی کورد دادەنێ. مەترسی هێرشەکانی رووسیای بۆ سەر تورکیا و ئێران و هەروەها بۆ ئەو خاکەی کە کورد تێدا دەژی، یەکلایەنە لەنێودەچێ. پاشان رێبازی

سیاسەتی دەرەکی سۆڤیەت (رووس) چ لەرووی کردەوە و چ لەرووی ئیدیۆلۆژییەوە لە هەموو دەسەڵاتدارییەکانی سەدەمی سۆڤیەت و پاشا رۆخانی لە رووسیای فیدراڵیشدا، بێ ئەملاو ئەولا تێکەڵی سیاسەتی داگیرکارانە لەهەمبەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک نەبۆتەوە. کوردەکان دەگەڵ گەلانی دیکەی تورکیا، ئێران و وڵاتانی مەشرقی عەرەبی واز لە دۆژمنایەتیکردنی "ورچی رووس" دێنن. هەڵبەت ئەوەش راستە کە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و بەتایبەت لە سەرەتای دەسپێکی شەڕی ساردداە، دیپلۆماسی رەقی ستالینی بوو بەهۆی تۆمەتبارکردنی یەکێتی سۆڤیەت بە لەپێشگرتنی مەبەستگەلی داگیرکارانە لەهەمبەر هێندێک لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری رۆژاوای ئێران کە بەشێک لە کوردستانیشی دەگرتەوە، بەڵام لە نێوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا هەڵوێستی ناڕەوای لەم شێوەیە لە لایەن خرۆشچۆڤەوە وەلانرا.

نابێ ئەوەش لەپێشچاو نەگرین کە رێبازی مارکسیستی-لێنینیستی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەکان تا جیابوونەی تەواو کە لە لایەن دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە بەفەرمی راگەیندرا (بەردی بناخەی سیاسەتی یەکێتی سۆفیەت و کۆمینتێرن بوو سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی-کۆلۆنیالی بەدرێژایی ٧٠ ساڵ) و تا ساڵی ١٩٩٠ درێژەی کێشا، بوو بە بزوێنەرێکی بەهێز و کاریگەرییەکی زۆر مەزنی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە-نەتەوەیی کورددا دانا. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، کورد لەلایەن هاوسێ باکوورییەکەی دەستی دۆستایەتی و هاوخەمی بۆ

درێژکرا. ئەگەرچی بەهۆی سیاسەتی راگرتنی سەقامگیری پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و ئێران، کورد یارمەتی دەستبەجێی لە یەکێتی سۆڤیەت پێ نەگەیشت، بەڵام هەبوونی بەرەی دۆستێکی لە باکوور، ئاسویەکی لەباری بۆ رەخساند.

لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و رێک پاش تەواوبوونی، ئەو چاوەڕووانییە وەڕاستگەڕا. لە کوردستانی ئێران لەژێر سایەی سۆپای بریتانیا و بەتایبەت سۆپای سۆڤیەتدا، هەلۆمەرجێکی لەبار بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێکهات. لە ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵات، واتە کوردستانی موکریان کە بەشێک لە سۆپای سوور دەسەڵاتی هەبوو، لەماوەیەکی کورتدا (ژانوییە تا دەسەمبەری ١٩٤٦) خۆدمۆختاری کورد لە شاری مهاباد (سابڵاخ) راگەیندرا.

ئەمە بۆ گشت کورد رووداوێکی بێوێنە بوو. بۆ یەکەمجار لەسەر بەشێک لە خاکی لەمێژینە و کەوناری کورداندا دەسەڵاتێک دامەزرا کە نە پەیوەندی بە دەوڵەتە دابەشکارەکانی کوردستانەوە هەبوو و نە دەست نیشاندەی ئەوان، بەڵکوو دەسەڵاتێکی رەسەن و بەهێزی کورد بوو و وەک نمونەیەکی لێهات بۆ گشت کوردان کە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی خەباتیان دەکرد. ئەوە بابەتێکی دیکەیە کە بەهۆی نالەباری بارودۆخی نێونەتەوەیی (کورد، تاقە قوربانی شەڕی سارد نەبوو) خۆدمۆختاری مەهاباد (زورجار بە کۆماری مەهاباد ناو لێدەبەن) نەیتوانی بەردەوام بێ و لەلایەن رژێمی شا و بە پشتیوانی بریتانیا و ئەمریکا خنکێندرا، بەڵام ئەو دەستکەوتە شوێنێکی درەوشاوەی لە مێژووی هاوچەرخی کورد بۆخۆی تۆمار کرد و گشت

نیشتمانپەروەرانی کورد لەم ئەزموونە وانە وەردەگرن و شانازی پێ دەکەن.

لە نێوەی دووەمی سەدەی ٢٠ تاکوو سەرەتای سەردەمی گۆڕانکارییەکانی گۆرباچۆڤ لە یەکێتی سۆڤیەت، کورد هیوای بە یارمەتی و پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت هەر مابوو و ئەگەرچی نە بە بەردەوامی و نە لەو قەوارە و چەشنانەی کە چاوەڕووانی دەکرد بەڵام بەڕاستی ئەو یارمەتییە و پشتیوانییەیشی وەرگرت. مۆسکۆ کە نەیدەویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوسێ باشوورییەکانی تێک بچێ، بە هەڵسوکەوتێکی "نەشیش بسووتێ و نە کەباب" مامەلەی لەگەڵ شەمشیری دوولێواری کێشەی کورد دەکرد. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا سرنجی مۆسکۆ بۆ کێشەی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو داکشان رۆیشت و ئەوەش کاردانەوەی نەرێنی لەسەر کاریگەرییەکانی لە تەواوی ناوچەی کورد دانا.

دیارە ئەوەش بەهۆی تێکرۆخانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، واتە هەرەس هێنانی دەوڵەتێکی فێدراتیڤ (و لە راستیدا، ئیمپریالی) و پاشان لێک بڵاوبوونەوەی زۆربەی بەشە سەرەکییەکانی و تێکرۆخانی تەواوی سیستەمی ئابووری، سیاسی و هزری سۆڤیەتی. بەڵام هۆکارە قووڵە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی راکێشانی میراتگری سەرەکی یەکێتی سۆڤیەت واتە رووسیا بەرەو کێشەی کورد، وەک خۆی ماوەتەوە، کەوابوو دوورکەوتەنەی رووسیا لە تێکەڵبوون لەگەڵ کاروباری کورداندا، نابێ زۆر بخایەنێ. هەرچی تەنگوچەڵەمەکانی رووسیا بەرەو هەڵکشان بچی، دەنگی مۆسکۆ لە کێشەی کوردیش

زۆرتر دەبێ. بەکورتی، بە هیچ شێوەیەک پرسی گەشەسەندن و سەقامگیریی هاوکاری رووس-کورد ناکەوێتە پەراوێزەوە.

هاوپەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ زلهێزە رۆژاواییەکان پاش شەڕی دووەمی جیهانی بەشێوازێکی دیکە پەرەسندن بەخۆیەوە دەبێنێ. کورد سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و دیارە بەم هۆیەوە خاوەندارنەبوونی ماف و شوێن لە پەیوەندییە ناسراوە نێونەتەوەییەکاندا، رێبازێکی خۆماڵی لە سیاسەتی دەرەکیدا پێک دەهێنێ کە لەلایەن رێبەرە سەربازی و مەدەنییەکانی نێو رێبەرایەتی حیزب و رێکخراوە مەدەنی و بزووتنەوەکان پەیڕەوی دەکرێن. ئەوم رێبازە لە کاتە جیاوازەکان و لەژێرکاریگەریی هاوکێشە سیاسییەکاندا، گۆڕانی بەسەدا هاتووە، بەڵام لە ئاڕاستەی سەرەکی خۆی لای نەداوە: کورد چاوەڕووانی لە زلهێزەکان یارمەتی بووە بۆ خەباتی خۆی لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی. بەڵام لەم رێگایەدا رووبەڕووی گەلێک دژواری بۆتەوە.

لەسەر گۆڕەپانی کوردستان گەلێک دەستی ئاڕاستەجیاوازی زلهێزە روژاوایی و ناوچەییەکان کاریگەریان هەبووە و هەیە کە بەرژەوەندی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆیان لە پلەی ئاخر دایە. هەمیشە دەستێوەردانەکانی رۆژاوا لە ململانییەکانی کوردستاندا بۆ کورد یان سودی نەبووە، چونکوو زلهێزەکان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دژایەتی لەگەڵ یەکتر تێکۆشاون، و یان راستەوەخۆ بە زیان کورد بووە، چونکوو مەبەستە گڵاوەکانی خۆیان داسەپاندووە (بۆ نمونە، دەستبەسەرداگرتن یەکلایەنانە بەسەر نەوت و گازی کوردستان و وەلاتانی رکابەرەکانیان). ئەو کەشوهەوا تایبەتەی کە شەڕی سارد

پێکی هێنابوو بارودۆخەکەی دژوار کرد و بەربەستی نایەوە پێش یارمەتی کارای وڵاتانی "پەیمانی وەرشەو" بۆ بزووتنەوەی کورد[87]. ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو وڵاتانەی ناوچە کە کورد تێدا دەژی، واتە تورکیا. ئیران، عێراق و سووریا، سیاسەتی دەرەکیان نەگۆڕاوە، بەتایبەت لەم دەساڵەی ڕابردوو و تەنانەت لە هەموو ئەو ساڵانەشدا کە پەیوەندی نێوانیان ساردوسڕ بووە، بەیەکەوە پیلانی هاوبەشی دژەکوردیان بەڕێوەبردووە. ئەم پیلانە یەک ئامانجی هەبووە: پێشگرتن لە گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە هەریەک لەم دەوڵەتانەدا، مەودا نەدان بە تێکەڵبوونەوەی بزووتنەوەکانی کورد لە پارچەکانی دیکە بەرەو ئاڕاستەیەکی گشتگیری نەتەوەیی بە مەبەستی پێشگیریی لە ئەگەری دامەزراندنی کوردستانی یەکپارچە (تەنانەت لەبواری هزریش). ئێستاش لە سەر خاکی کوردستانی ئێتنیکی و لەسەر بەستێنی پرسی ئاڵۆزکراوی کورد، گرێیەکی زەق و تازە لە ناتەباییە نێونەتەوەییەکان پێکهاتووە کە لێواولێوە لە گرژیی و ئاڵۆزیی سیستیماتیک، ئەوەش دەتوانێ بە درێژایی سەدەی داهاتوو ململانی سەرەکی ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی نزیک پێکبێنێ.

ئەو هەوڵی کە لەم نووسراوەدا چڕکراوە بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئەو چەمکە سەرەکی و تایبەتانە بوون کە روونکەرەوەی تایبەتمەندییە زەقەکانی مێژووی کوردن، بەڵام ئێمە

---

[87] لەکاتی وەرگێڕانی ئەو بابەتە، بەهەڵکەوت لەگەڵ ئەفسەرێکی پێشووی سۆپای ئاڵمانیای دێمۆکراتیک ئاشنا بووم کە ئێستا خانەنشینە. ئەوە دەقی وتەکانێتی: "لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٩ کاتێک وەک جێگری فەرماندی بەشی ڕاهێنانی تانک لە ناوەندی ڕاهێنانیHaide لە شارۆچکەی Weißwasser لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری Cottbus خەریکی خزمەت بووم، لە بەشی AZ6 ئەو ناوەندە نزیک ٥٠ کەسی بیانی ڕاهێنانی سەربازی ژێر ئەفسەریان پێدەکرا کە بەشێک لەو کەسانە لایەنگرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوون. پاشانیش زۆربەی چەکی دەستی گریلاکانی پ.ک.ک کە لە وێنەکانی ڕۆژنامەکان و یان لە فیلمەکاندا دەمبینی، بەرهەمی ئاڵمانیای دێمۆکراتیک بوون". -. وەرگێر.

رووبەڕووی ئاکامێکی پارادۆکساڵ دەکات کە لەگەڵ تێزی بەناوبانگی فوکویاما سەبارەت بە "کۆتایی مێژوو" ناتەبایە. ئەم تێزە بە هیچ شێوەیەک بۆ کورد وەڕاست ناگەڕێ. کورد کە سەدان ساڵە بێبەش کراوە لە دابینکردنی سەربەخۆیانەی چارەنووسی خۆی، ئێستا هەلێکی بۆ هەڵکەوتووە تا بەلانی کەم لە بەشێکی خاکی کوردستاندا ئاواتە لەمێژینە و بریندارەکەی خۆی بۆ دامەزراندنی سەربەخۆیی نەتەوەیی پەرەخسێنە و تازە کەوتووتە نێو قۆناخێکی تازە و بەڕاستی ئاسوداری مێژووی خۆی. قۆناخێکی هەرە تازەی مێژوویی بۆ دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی کورد هاتووتە ئاراوە کە هێوادارین ببێتە دووایین چەمکی مێژووی کورد.